# پێگەی عەقڵانییەت لە پانتایی گشتیدا لە ڕوانگەی (یۆرگن هابرماس)ەوە

د. عابد خالد رسول*　　　　ناودار زیاد رضا**

**وشە کلیلییەکان:** پانتایی گشتی، عەقلانیەت، عەقلانیەتی پەیوەندیکاری، یۆرگن هابرماس.
https://doi.org/10.31271/jopss.10022

**پوختەی توێژینەوە:**

چەمکی پانتایی گشتی لە فەلسەفەی سیاسی و فکری (هابرماس) دا بایەخێکی گەورەی هەیە، بەتایبەت لەدوای جەنگی جیهانی دووەم و بەرفراوانبوونی بەها و پڕەنسیپە دیموکراتییەکانەوە گەشەی سەندووە. بەو پێیەی (هابرماس) بە یەکێک لە تیۆرسێنەکانی دیموکراتی ڕاوێژگەریی دادەنرێت، دەیەوێت لە قەڵەمڕەوی پانتایی گشتییەوە ئەم جۆرەی دیموکراتی پەرەپێبدات، بۆ ئەمەش بەعەقڵانیکردنی پانتایی گشتی بە مەرجی سەرەکی پێویستی هەر کۆمەڵگایەک دادەنێت، کە تێیدا دیموکراتی ڕاوێژگەریی چەکەرە دەکات و پێشدەکەوێت، چونکە لە پانتایی گشتیدا هەموو هاووڵاتیان بە یەکسانی و بێ زۆرەملێ و فشار و ناچارکردن دەتوانن بە بەردەوامی لە گفتوگۆی ئازاد و عەقڵانیدا بن، دەربارەی پرس و بابەت و کێشە و دیاردەکانی کۆمەڵگاکەیان، تاکو بتوانن جۆرێک لە کۆدەنگی و ڕێککەوتن دروستبکەن لەنێوان خۆیاندا، ئەمەش کاتێک بەدیدێت کە پەرە بە گوتارێکی بەڵگەیی بدرێت و بەهۆی هێرمۆنیتیکاوە ڕاڤە و شیکاریی قوڵ و فەلسەفی و فرەڕەهەند بۆ واتا و مەغزاکانی گوتە و کردە و چالاکییەکان بکرێت تاکو لە کردەی پەیوەندیکاریی تاکەکان لەگەڵ یەکتردا بەرزترین ئاستی عەقڵانییەت بێتە ئاراوە. ناوەڕۆکی ئەم توێژینەوەیە دابەشکراوە بەسەر دوو تەوەردا؛ لە تەوەرەی یەکەمدا چەمکی پانتایی گشتیمان لای (هابرماس) ڕوونکردۆتەوە، دواتر لە تەوەرەی دووەمدا باسمان لەو ڕەهەندە عەقڵانییانە کردووە کە (هابرماس) لە پانتایی گشتیدا برەوی پێدەدات لەپێناوی فراوانکردن و بەرەوپێشبردنی قەڵەمڕەوی پانتایی گشتی، بەجۆرێک پێی وایە گەیشتن بە حەقیقەت ئامانجی تاکەکانە لە پانتایی گشتیدا، ئەمەش کاتێک بەدیدێت کە خستنەڕووی بەڵگە لە گوتارەکاندا ئامادەیی هەبێت و لەپێناوی تێگەیشتندا لە ڕێگای زانستی هێرمۆنیتیکاوە هەوڵبدرێت درک بە واتای پشت گوتارەکان بکرێت و بەرزترین ئاست لە عەقڵانییەت لە کردەیەکی پەیوەندیکارییانەدا تۆمار بکرێت.

---

* بەڕێوەبەری بەشی ئاسایش وسیاسەتی گشتی لە سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی، پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە زانستە ڕامیارییەکان/ زانکۆی سلێماني: abid.rasul@centerfs.org abid.rasul@univsul.edu.iq

** خوێندکاری ماستەر لە کۆلیجی زانستە ڕامیارییەکان/ زانکۆی سلێمانی znawdar910@gmail.com

**ملخص البحث:**

**موقع العقلانية في الفضاء العمومي من منظور (يورغن هابرماس)**

لمفهوم الفضاء العمومي أهمية كبيرة في الفلسفة السياسية عموما، وفكر الفيلسوف الألماني (يورغن هابرماس) خصوصا، حينما توسعت قيم الديمقراطية وإنتشرت مباديءها في أنحاء العالم منذ ما بعد الحرب العالمية الثانية. وقد أبغى (هابرماس) كأحد منظري "الديمقراطية التشاورية" تطوير هذا النوع من الديمقراطية في ساحة الفضاء العمومي، ويرى هابرماس أن العقلانية في الفضاء العمومي شرط أساس و ضروري لأي مجتمع يهدف الى تعزيز "الديمقراطية التشاورية"، إذ يفترض فيها أن يتمتع جميع المواطنين داخل الفضاء العمومي بحق النقاش الحر والعقلاني على قدم المساوة مع بعضهم، بدون أي ضغط أو إجبار أو قسر، حول أية قضية أو موضوع أو مشكلة أو أية ظاهرة من ظواهر مجتمعهم، حتى يتمكنوا في سبيل معالجتها من تكوين نوع من الإجماع والإتفاق بينهم من خلال الفعل التواصلي المسبوغ بالقول الحجاجي والهرمنيوطيقا للوصول إلى الحقيقة وكشف المعاني الخفية والغامضة خلف أقوال و أفعال الأشخاص بين ذواتهم. وقد تناول هذا البحث كل هذه الأبعاد في محورين؛ وضحنا في المحور الأول مصطلح الفضاء العمومي لدى (هابرماس). أما في المحور الثاني فقد تحدثنا عن الأبعاد العقلانية الذي تطوره (هابرماس) في الفضاء العمومي من أجل توسيعه وتقدمه، بشكل يعتقد (هابرماس) بأن الوصول إلى الحقيقة غاية موحدة لدى كل الأفراد داخل الفضاء العمومي، ويمكن تحقيق هذا عندما تعرض الحجة في أثناء الخطابات، ويتم تبلور الفهم عن الطريق علم الهرمنيوطيقا من أجل إدراك المعاني الموجودة خلف الخطابات، وتسجيل أعلى مستوى من العقلانية في الفعل التواصلي.

**Abstract:**

**The Status of Rationality in the Public Sphere from the perspective of (Jürgen Habermas)**

The concept of public sphere is of great importance in the political philosophy and philosophy of German philosopher (Jürgen Habermas), especially after the Second World War when democratic values and principles spread throughout the world. (Habermas) one of the theorists of "consultative democracy" wants in the space of public sphere to develop this kind of democracy, so rationality public sphere is a prerequisite for any society to develop "consultative democracy", because all citizens in public sphere equal in free and rational debate without Compression, coercion and coercion around the issue, subject, problem, and phenomena involved so that a kind of consensus and agreement can be formed between them through the communicative act, produced by the words of the pilgrims and the Hermeneutics, to reach the truth and reveal the hidden and mysterious meaning behind the words and actions of the persons among themselves. We divided the subjects of this research into two axes; in the first axis we explained the term public sphere in (Habermas). In the second axis we talked about the rational dimensions that (Habermas) is developing in the public sphere in order to expand and advance the area of public sphere in the form of (Habermas), which is believed to be one of the most important individuals in the public sphere. In the discourse, in order to understand the path of the Hermeneutic Science, the perception is attempted in the sense of the content of the discourse and record the highest level of rationality in the communicative action.

# پێشەکی

نائامادەیی ڕەهەندی عەقڵانییەت لە پانتایی گشتیدا دەبێتە هۆی ڕێگاخۆشکردن بۆ هێز و گروپە دەسەڵاتخواز و باوەڕە دۆگما و خۆسەپێنەکان تاکو پانتایی گشتی داگیر بکەن. ئەمەش زەبرێکی کوشندە لە ئازادی و دیموکراتی دەدات، چونکە ئەوکات کۆمەڵگا بەرەو یەکڕەنگی و یەکدەنگی و فاشیزم ئاڕاستە وەردەگرێت و جێگایەک نامێنێتەوە بۆ فرەیی و پلوڕالیزم و لێکبوردن. لەم سۆنگەیەوە (هابرماس) بایەخێکی زۆر دەدات بە ڕەگەزی عەقڵانییەت لە پانتایی گشتیدا. عەقڵانییەتێک کە لەمیانەیدا گوتاری تاکەکان پشت بە بەڵگە ببەستێت تاکو گفتوگۆیەکی ئامانجدار بەدیبێت، بەشێوەیەک کە لە یەک ڕەهەند و ڕوانگەوە تەماشای گوتە و کردەکان نەکرێت، بەڵکو لەمیانەی هێرمۆنیتیکاوە ڕاڤە و شیکردنەوەی قوڵ و فرەڕەهەندیان بۆ بکرێت، لەم پێناوەدا (هابرماس) پێشنیاری عەقڵانییەتی پەیوەندیکاری دەکات لەڕێی پرۆسەیەکی نێوانخودییەوە تاکو کۆدەنگی و ڕێککەوتن بەدیبێت. هەموو ئەو بیرۆکانەی تیشکمان خستەسەر ناوەڕۆکی ئەم توێژینەوەیەمان دەبێت.

**کێشەی توێژینەوەکە:** گرفت و کێشەزای ئەم توێژینەوەیە لە ڕێگای ئەو پرسیارە سەرەکییەوە هەوڵی وەڵامدانەوە و چارەسەرکردنی دراوە، کە ئایا پێگە و ڕۆڵی عەقڵانییەت لە پانتایی گشتیدا چەندە؟ بەڵام بۆ گەیشتن بە وەڵامی ئەم پرسیارە پێویستە وەڵامی چەندین پرسیاری لاوەکی بدەینەوە، لەوانەش:

- پانتایی گشتی لای (هابرماس) چییە؟ کەی دەرکەوتووە؟ چۆن گەشەی سەندووە؟ بونیاد و پێکهاتەکەی چۆنە ؟
- ئایا دیالۆگ و گفتوگۆکردن لە پانتایی گشتیدا بەبێ عەقڵانییەت بەرهەمدار دەبێت؟ ڕۆڵی بەڵگە لێرەدا چییە؟
- چۆن بتوانین درک بە ڕاستێتی واتا و دەلالەتەکان بکەین؟ بۆچی لێرەدا پێویستمان بە ئامادەیی هێرمۆنیتیکە؟
- گرنگی کردەی پەیوەندیکاریی لە پانتایی گشتیدا چییە؟

**گریمانەی توێژینەوەکە:** گریمانەی ئەم توێژینەوەیە شیمانەی ئەوە دەکات کە لە دۆخی نائامادەیی ڕەهەندی عەقڵانی لە پانتایی گشتیدا ئەوا پانتایی گشتی ناتوانێت بە ڕۆڵی ئەرێنی خۆی هەستێت وەک پانتاییەکی ئازاد و دوور لە توندوتیژی و فشار.

**گرنگی توێژینەوەکە:** دەکرێت گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەم خاڵانەی خوارەوەدا کورتبکەینەوە:

١.خاڵی یەکەمی گرنگی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە تا ئێستا توێژینەوە لەسەر چەمکی پانتایی گشتی بە زمانی کوردی و لە هەرێمی کوردستاندا نەکراوە، وێڕای ئامادەیی پانتایی گشتی، بەڵام

توێژەر و خوێنەری کورد شارەزایی کەمی لەسەر چەمکی پانتایی گشتی هەیە، ئەمەش بەئاسانی دەردەکەوێت کاتێک گەشت و گەڕانێک بەناو کتێبخانەی کوردیدا دەکەین.

٢.لەم سەردەمەدا بەهۆی شەپۆلی جیهانگیری و ئەنتەرنێتەوە، کە بەوە ناسراوە سنور و بەربەستەکان دەبڕێت، لەلایەن گروپ و هێز و ئاڕاستە توندڕەو و بەرژەوەندیخواز و قازانجویست و ناعەقڵانییەکانەوە هەوڵی داگیرکردنی پانتایی گشتی دەدرێت. لەم پێناوەدا (هابرماس) دەیەوێت هەوڵی ڕزگارکردنی بدات.

٣. پانتایی گشتی ئەو شوێنەیە تێیدا بەهاکانی دیموکراتی گەشە دەکات، بەو پێیەی مەیدانی گفتوگۆی نێوان تاکەکانە. هەر کەسێک هەرچییەکی بوێت لە هەر کاتێکدا بێت دەتوانێت لە پانتایی گشتیدا بیوروژێنێت و بیکاتە بابەتی گفتوگۆکردن، بۆیە تێپەڕبوونی ئەم ڕوانگە و باوەڕانە بە بێژنگی عەقڵانییەتدا پێویستە، چونکە ئامادەیی عەقڵ لە پانتایی گشتیدا یەکێکە لە مەرجە سەرەکییەکانی پانتاییەکی گشتی بێگەرد و تەندروست لە هەموو کۆمەڵگایەکدا.

**میتۆدی توێژینەوەکە:** توێژەر پێڕەوی لە میتۆدی "پەیوەندیکردن" کردووە لە سۆنگەی گرێدانەوەی گوتە و کردەکان لەنێوان تاکەکاندا، لەگەڵ میتۆدی فەلسەفی، وێڕای گەڕانەوە بۆ میتۆدی مێژوویی، هاوکات میتۆدی وەسفکردنیش بەکارهێنراوە بۆ باسکردن و ناساندن و خستنەڕووی هەر یەکێک لەو باسانەی پەیوەندیدارن بە ناوەڕۆکی توێژینەوەکەوە.

**پەیکەربەندی توێژینەوەکە:** بابەتەکانی ئەم توێژینەوەیە دابەشکراوە بەسەر پێشەکی و دوو تەوەر و دەرئەنجامدا. لە تەوەری یەکەمدا هەریەک لە چەمکی پانتایی گشتی و بونیاد وپێکهاتەکەی لای (هابرماس) لە دوو لقدا خراوەتەڕوو. لە تەوەری دووەمیشدا بە سێ لق توێژینەوە لەسەر پێگەی عەقڵانیەت لە پانتایی گشتیدا لە دیدگای (هابرماس)ەوە کراوە، بەجۆرێک لە لقی یەکەمدا باسی گوتاری بەڵگەیی کراوە وەک یارمەتیدەرێک بۆ درککردن بە حەقیقەت و گەیشتن بە حەقیقەت، لە لقی دووەمیشدا باسی هێرمۆنیتیک کراوە کە (هابرماس) بە کۆڵەکەی سەرەکی دادەنێت بۆ تێگەیشتن لە مانا و مەغزاکانی زمان و گوتە و کردارەکان، لقی سێیەم و کۆتاییش بەرەو کردەی پەیوەندیکاریی هەنگاو دەنێتکە لەمیانەیدا لوتکەی عەقڵانیەت بەدەردەکەوێت. لە کۆتاییشدا دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە خراونەتەڕوو.

# تەوەری یەکەم:
# چەمکی پانتایی گشتی لای (هابرماس)

لەم تەوەرەیەدا بەمەبەستی تێگەیشتن لە چەمکی پانتایی گشتی لە ڕوانگەی (هابرماس) (*) ەوە لەمیانەی دوو لقەوە باس لە دەرکەوتنی پانتایی گشتی، پەیکەر و بونیادی پانتایی گشتی دەکەین.

## لقی یەکەم: دەرکەوتنی پانتایی گشتی

(هابرماس) کاتێک لێکۆڵینەوەی لە ڕەگ و ڕیشەی پانتایی گشتی کردووە سەرنجی لەسەر گەشەسەندنی بۆرژوازی لە سەدەی حەڤدەیەمدا لە کۆمەڵگاکانی ئەوروپادا چڕکردۆتەوە، کە بە بۆچوونی (هابرماس) هاوکاتە لەگەڵ لەدایکبوونی پانتایی گشتی بە خستنەڕووی شێوەگرتنی مەرجە مێژوویی و کۆمەڵایەتی و ئابورییەکان لە چوارچێوەی پێشکەوتنی کۆمەڵگای بۆرژوازی و بەرهەمەکانی ئابوری سەرمایەداری و ئەو ئامرازە ئایدیۆلۆژیانەی کە خاوەن مۆرکێکی لیبراڵین. (هابرماس) پێی وایە پانتایی گشتی سەرەتا بەشێوەیەکی بۆرژوازییانە دەرکەوتووە، بۆیە ناوی دەنێت "پانتایی گشتی بۆرژوازی". سەربارى ئەوەی لای بیرمەند و فەیلەسوفانی وەک (ئەمانوێل کانت) و (هانا ئارێنت) و چەندانی دیکە باسی پانتایی گشتی کراوە بەڵام لەگەڵ (یۆرگن هابرماس) دا ئەم چەمکە بوو بە تەوەرێکی سەرەکی لە لێکۆڵینەوەی هزری سیاسی و کۆمەڵناسیدا.

لەم پەنجا ساڵەی ڕابردوودا گۆڕانکاری بەسەر سروشتی سیاسی بزوتنەوەکانی کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکاندا هاتووە. ئەمەش بۆتە هۆی دەرکەوتنی پانتایی گشتی بەشێوەیەکی هاوچەرخ. لەبەرئەوەی لە سەدەکانی حەڤدە و هەژدەدا - کە (هابرماس) سەرهەڵدانی پانتایی گشتی بۆ ئەو سەردەمە گەڕاندۆتەوە - دەنگدان لە ژنان و ڕەشپێستەکان و خەڵکانی هەژار و کەمدەرامەت قەدەغە

(*) (هابرماس) لە ساڵی (١٩٢٩) لە شاری دۆسلدۆرفی ئەڵمانیا لەدایکبووە. لە یەک کاتدا هەم بە فەیلەسوف، هەم بە زانای کۆمەڵناس دادەنرێت چونکە هەوڵیداوە چارەسەری پرسەکانی کۆمەڵگا و پرسە هزرییە سیاسییەکان بکات. (هابرماس) بە گرنگترین نوێنەری نەوەی دووەمی قوتابخانەی فرانکفۆرت دادەنرێت. سوودی لە زۆربەی پێشکەوتنەکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان وەرگرتووە. وێڕای قوڵبوونەوە لە کێشەکانی تیۆری مەعریفە و فەلسەفەی زمان و هەندێک ئاراستەی فەلسەفی نوێی وەک ئەنثرۆپۆلۆجیا و هێرمۆنیتیک، هاوکات توانیویەتی گەشە و پێشکەوتن بە تیۆری ڕەخنەیی بدات. بڵاوکراوەکانی (هابرماس) زۆر و هەمەجۆرن جگە لە وتار و دەرسگوتارەکانی کە تاکو ئێستاش بڵاویان دەکاتەوە. لە گرنگترین بەرهەمەکانی بریتین لە: (فەلسەفەی ئەڵمانی و تەسەووفی یەهودی ١٩٦١)، (گۆڕانکاری بونیادیی لە پانتایی گشتیدا ١٩٦٢)، (تیۆر و پراکتیک ١٩٦٣)، (مەعریفە و بەرژەوەندی ١٩٦٨)، (زانست و تەکنۆلۆژیا وەک ئایدۆلۆژیا ١٩٦٨)، (قەیرانی شەرعییەت ١٩٧٢)، (گوتاری فەلسەفی مۆدێرنە ١٩٨٥)، (تیۆری کردەی پەیوەندیکاریی، بەرگی یەکەم ١٩٨٤، بەرگی دووەم ١٩٨٧)، (ئایین و عەقڵانییەت ١٩٩٨)، (ئیتیکی گفتوگۆ و پرسی حەقیقەت ٢٠٠١). بڕوانە: (آلن هاو، النظرية النقدية: مدرسة فرانكفورت، ترجمة: ثائر ديب، المركز القومي للترجمة، القاهرة، دار العين للنشر، ٢٠١٠، ص ص٧٥- ٧٨)، و (جورج طرابيشي، معجم الفلاسفة، دار الطليعة للطباعة و النشر، بيروت/لبنان، الطبعة الثالثة، ٢٠٠٦، ص٦٨٧).

کرابوو، وێڕای ئەوەی ژنان بەتەواوەتی لە سیاسەتی ڕەسمی و پانتایی گشتی سیاسی دوورخرابوونەوە، هەرچەندە پانتایی گشتی تایبەت بە خۆیان هەبوو، بەڵام پانتایی گشتی ڕەسمی نەبوو[١]، بۆیە (هابرماس) لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا دووبارە پێداچوونەوەی بۆ ئەو بۆچوونانەی کرد کە لە کتێبی (وەرچەرخانی بونیادیی لە پانتایی گشتیدا: لێکۆڵینەوەیەک لە جۆری کۆمەڵگای بۆرژوازی) دا خستبوونیە ڕوو، چونکە دووبارە هەستا بە داڕشتنەوەی چەمکی پانتایی گشتی، ئەمەش لەلایەکەوە لە سۆنگەی ئەو گۆڕانکارییانە بوو کە بەسەر جیهان و بەسەر هزریدا هات، لەلایەکی دیکەوە لەسەر بنەمای ئەو ڕەخنانە بوو کە ئاراستەی کرابوون[٢]. بۆیە لەم لقەدا دەربارەی پانتایی گشتی سەرباری ئەوەی پشت بەو بۆچوونانە بەستراوە کە لەو کتێبەدا هاتووە بەڵام ڕەچاوی ئەو گۆڕانکاری و پێشکەوتنانەمان کردووە کە بەسەر هزری (یۆرگن هابرماس) دا هاتووە.

(هابرماس) چەمکی ئارکیۆلۆجیا بەکاردەهێنێت بەمەبەستی دیاریکردنی دەلالەتەکانی چەمکی پانتایی گشتی لەم ڕەهەندانەی خوارەوەدا:[٣]

١. پێکهاتەی مێژوویی پانتایی گشتی.
٢. وەرچەرخانی پانتایی گشتی پەیوەندیدار بە دۆخی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتییەوە.
٣. ئەرکە سەرەکییەکانی پانتایی گشتی کە بریتین لە ڕۆڵی گفتوگۆکردن و بەڵگەهێنانەوە و قەناعەتپێکردن لە پەیوەندیکردندا.
٤. کارلێککردنی پانتایی گشتی لەگەڵ بونیادی گشتی کۆمەڵگای بۆرژوازیدا.
٥. پەیوەندی پانتایی گشتی بە ڕای گشتی و ڕێگاکانی بەکارخستن و بەکارهێنانی عەقڵ لەلایەن جەماوەرەوە بەو ئاراستەیەی کە لەژێر ڕکێفی دەسەڵاتدایە یاخود دژی دەسەڵاتە.

هەرچەندە چەمکی پانتایی گشتی لای (هابرماس) گوزارشت لە گروپێکی دیاریکراوی دیرۆکی دەکات کە بە پانتایی گشتی بۆرژوازی ناوی دەبات، بەڵام چەمکی پانتایی گشتی بەشێوەیەکی گشتی تۆڕێکی هەمیشەیی جێگیری پەیوەندییە، کە لەمیانەی پێشکەوتنی مێژووییدا گۆڕانکاری بەسەردا دێت[٤]. لەگەڵ ئەوەشدا (هابرماس) وایدادەنێت پانتایی گشتی بۆرژوازی سەرەتایەکە بۆ پانتایی گشتی سیاسی[٥]، بەڵام گەشەسەندنی ئەم پانتایی گشتی بۆرژوازییەش لەڕووی دیرۆکییەوە هاوتەریب

---

(١) Alan McKee, The Public Sphere: An Introduction, Cambridge University Press, UK, 2005, P;19

(٢) مصطفى الحداد، "من الإجماع إلى المفارقة أو رانسيير ضد هابرماس"، مجموعة مؤلفين، الماركسية الغربية و ما بعدها: التأسيس و الإنعطاف و الإستعادة، دار و مكتبة عدنان و منشورات الإختلاف و منشورات ضفاف، بغداد و الجزائر و بيروت، ٢٠١٤، ص٢٨٢.

(٣) رشيد العلوي، الفضاء العمومي من هابرماس إلى نانسي فريزر، مؤسسة مؤمنون بلا حدود للدراسات و الأبحاث، المملكة المغربية، نوفمبر ٢٠١٤، ص ص٨،٧، متاح على الرابط الآتي:
https://www.mominoun.com/pdf1/2014-11/545e02a2d35592087784350.pdf

(4) Oskar Negt and Alexander Kluge, "Public Sphere and Experience toward an analysis of the bourgeois and proletarian Public Sphere", Translated by: Peter Labanyi, Jamie Owen Daniel and Assenka Oksiloff, University of Minnesota Press, Volume 85, UK, 1993, P;1.

(5) Luke Goode, Jurgen Habermas... Democracy and the Public Sphere, Pluto Press, London, 2005,

بووە لەگەڵ کۆمەڵگای دابڕاو لە دەوڵەت، چونکە (هابرماس) پێی وایە کۆمەڵ یاخود جڤات وەک لایەنێکی تایبەت پێکهاتووە، تا ئەو ئاستەی کە تێیدا لەلایەکەوە بەشێوەیەکی تایبەت وەک یەکەیەک بۆ بڵاوبوونەوەی ژیان بیناوە، لەلایەکی دیکەوە وەک پانتاییەکی گشتی وا بووە کە گشتێکی خاوەن پەیوەندی گشتی بووە[(١)].

(هابرماس) سەرەتای سەرهەڵدانی پانتایی گشتی دەگەڕێنێتەوە بۆ سەدەی حەڤدەیەم کە دەکەوێتە نێوان پانتایی دەوڵەت بە دەسەڵاتە کارگێڕی و یاساییەکانیەوە لەگەڵ پانتایی تایبەتی پێکهاتوو لە خێزان و کۆمەڵگای مەدەنییەوە. بەو جۆرەی کە پانتایی گشتی بەشێک نەبووە لە دەوڵەت، بەڵکو گۆڕەپانێک بووە تێیدا هاووڵاتیان ڕووبەڕووی سیاسەتەکانی دەوڵەت بوونەتەوە و ڕەخنەیان لێگرتووە، هەروەها بەشێکیش نەبووە لە پانتایی کۆمەڵگای مەدەنی چونکە کۆمەڵگای مەدەنی مەیدانی ئاڵوگۆڕی بازرگانی و ئامڕازەکانی بازاڕ و دەسڕاگەیشتن بە بەرژەوەندی کەسی و قازانجەکان بووە[(٢)]. لەکاتێکدا بەشداریکردن لە پانتایی گشتیدا لەلایەکەوە بەشێوەیەکی خۆبەخشانە بووە، لەلایەکی ترەوە هیچ ئامانجێکی قازانجخوازی و بەرژەوەندیخوازانەی لەپشتەوە نەبووە[(٣)].هەروەها پێی وایە یەکەم وڵات کە پانتایی گشتی بۆرژوازی تێدا دەرکەوت بەریتانیا بوو. ئەمەش بەهۆی ئەوەوە بوو سەرمایەداری تێیدا بەتەواوەتی گەشەی سەند و دەوڵەتی لیبراڵی تێدا دامەزرا، کە لە دەرئەنجامدا بازاڕی ئازاد هاتەکایەوە و دەزگاکانی چاودێریکردنی ئاڵوگۆڕکردنی زانیارییەکان هەڵگیران و بانکی ناوەندی و دامەزراوەکانی فێرکردن پەرەیان پێدرا[(٤)].

لە سەدەی هەژدەیەمدا ساڵۆنەکانی جوانکاری، یانە، قاوەخانەکان شوێنێک بوون بۆ بە یەکگەیشتن و دیدار لەنێوان بۆرژوازییەکان، پیشەگەر، بازرگانەکان وەک کەسانی تایبەت، لەگەڵ پیاوانی دەسەڵات و پیاوانی کەنیسە وەک کەسایەتی گشتی. ئەم بۆنە و کۆبوونەوە و یەکتربینینانە بەمەبەستی تێکشکاندن و هەڵوەشاندنەوەی ئەو دیوارە بوو کە لەنێوانیاندا هەڵچنرا بوو، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم شوێنانە لەلایەن خانەدان و ڕۆشنبیرە بۆرژوازییەکانەوە سەرەتا وەک پانتاییەک وابوون بۆ گفتوگۆ و ڕەخنەی ئەدەبی و پاشان بۆ پرسە سیاسییەکان[(٥)].

بە دیدی (هابرماس) پانتایی گشتی لە بنەڕەتدا بۆیە پانتایی بۆرژوازی بوو چونکە بۆرژوازی

---

P;7.

(1) Jurgen Habermas, The Structural Transformation of the Public Sphere; An Inquiry into a Category of Bourgeois Society, Translated by; Thomas Burger, The MIT Press, USA, 1991, P;127.

(٢) أشرف منصور، "نظرية هابرماس في المجال العام"، مجلة أوراق فلسفية، مركز النيل للكمبيوتر، العدد ٧، مصر، ديسمبر٢٠٠٢، ص٢٥٢.

(٣) جيمس جوردن فينليسون، يورجن هابرماس: مقدمة قصيرة جداً، ترجمة: أحمد محمد الروبي، مؤسسة هنداوي للتعليم و الثقافة، القاهرة، ٢٠١٥، ص٢٧.

(٤) پیتەر کیڤیستۆ، هزرە سەرەکییەکانی کۆمەڵناسی، وەرگێڕانی: هەورامان فەریق، دەزگای ئایدیا بۆ فکر و لێکۆڵینەوە، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی/هەرێمی کوردستان/عێراق، ٢٠١٧، ل ل٢١٥،٢١٦.

(5) Jurgen Habermas, The Structural Transformation of the Public Sphere; An Inquiry into a Category of Bourgeois Society, Op.cit, PP;32,33.

بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆی باسی پرسە گشتی و ئازادی و بەرفراوانەکانی وەک مەرجی پێویست بۆ بەشەرعیکردنی کردەی سیاسی و حکومەتی دامەزراوەیی دەکرد. بەمەش باسی عەقڵانی لە پانتایی گشتیدا، کە وەک پانتاییەکی سەربەخۆی لێهاتبوو، بەدامەزراوەیی کرا. لەم پانتاییەدا بە ڕەچاوکردنی ئەو پێشکەوتنەی کە عەقڵانییەتی پەیوەندیکردن بەخۆیەوە بینیبووی ئیدی بایەخی یاسا بە ئیرادەی ئاسمانی و جۆری ڕەگەزی و فەرمانی پاشاوە نەدەبەسترایەوە، بەڵکو لەسەر بنەمای بینین و بەڵگەهێنانەوە ڕاوەستابوو، تا ئەو ڕادەیەی دەبووایا بۆ بەرژەوەندییە گشتییەکان بگەڕێنەوە و ڕەچاوی هەمووان بکرێت نەک تەنها بەرژەوەندی تایبەتی گروپێکی دیاریکراو(*)، وەک چۆن لە پێشتردا بەو جۆرە بوو(١).

لەلایەکی دیکەوە لە بەرامبەر ئەوەدا کە لەو سەردەمەدا چالاکی و بزاوتی ڕەخنەیی لە پانتایی گشتیدا ئامادەیی کارای هەبوو هاوکات ڕۆژنامەگەری سەرمایەداریش هەستا بە بەرگریکردن لە سیستەمی سەردەست و بەرژەوەندییە ڕەسمییەکانی ئەوکات. ئەمەش سەرەتای دەرکەوتنی دەسەڵاتی سیاسی ئەو دامەزراوانە بوو کە وابەستەبوون بە بەرژەوەندی و ئایدیۆلۆژیاکانیان(٢). بۆیە دەتوانین بڵێین هۆکاری یەکەم و لە هەمووان گرنگتری پاشەکشەکردنی پانتایی گشتی بۆرژوازی - دوو سەدە دواتر و لە سەدەی نۆزدەیەمدا - بریتیبوو لە بە بازاڕبوونی ڕۆژنامەگەریی، لە سەدەی بیستەمیشدا ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەشێوەیەکی گشتی(٣).

بە باوەڕی (هابرماس) لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمەوە دەستێوەردانی دەوڵەت لە کاروباری ئابوری و کۆمەڵایەتیدا بەدەرکەوت و قەیرانەکانی دەوڵەتی سەرمایەداری زیادیانکرد، وێڕای ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر ڕۆژنامە و گۆڤار و ئامرازەکانی ڕاگەیاندندا هات و لە سەکۆیەک بۆ گفتوگۆی ڕەخنەگرانەوە بوون بە پانتاییەک بۆ بەرهەمهێنانی کلتور و ڕۆشنبیری و ئامانجی سەرەکییان بەدەستهێنانی قازانج بوو، هەموو ئەمانە بوونە هۆی ئەوەی پانتایی گشتی بۆرژوازی بەرەو

---

(*) (هابرماس) پێی وایە بەعەقڵانیبوون لەمیانەی کردەی پەیوەندیکاریدا لە ڕێگای ڕزگاربوون لە عەقڵانییەتی ئامێرییەوە بەرەو پێشەوە دەچێت بەهۆی گۆڕانکاری لە ژین جیهان – بۆ زانیاری دەربارەی چەمکی ژین جیهان بڕوانە پەراوێزی ل٨- و گۆڕانکاری لە سیستەمدا، بەمەش لە (ماکس وێبەر) جیادەبێتەوە، چونکە (وێبەر) پێی وایە عەقڵانییەتی ئامێری بەسەر کۆمەڵگادا زاڵدەبێت و دەکەوێتە ناو قەفەزی ئاسنینەوە و بەشتبوون کۆتایی دێت. بەڵام (هابرماس) لەوەدا لەگەڵ (وێبەر) دا کۆک و هاوڕایە کە لە ڕەوتی وەرچەرخانی شەرعییەتدا لە دوا قۆناغدا شەرعییەتی عەقڵانی یاسایی باڵدەکێشێت. بڕوانە:

(Jurgen Habermas, Ligitimation Crisis, Translated by; Thomas McCarthy, Heinemann Educational Books Ltd, London, 1976, PP;100,101).

(١) د. کەمال پولادی، مێژووی ئەندێشەی سیاسی لە ڕۆژئاوا: سەدەی بیستەم، وەرگێڕانی: مەهدی خوندل، بەرگی سێیەم، دەزگای وەرگێڕان، چاپخانەی منارە، هەولێر/هەرێمی کوردستان/عێراق، ٢٠٠٧، ل ٧١،٧٢.

(٢) أودينة سليم، فلسفة التداوليات الصورية و أخلاقيات النقاش عند يورغن هابرماس، رسالة ماجستر غير منشورة مقدمة إلى كلية العلوم الإنسانية و العلوم الإجتماعية/قسم الفلسفة/جامعة منتوري، الجزائر، ٢٠٠٨-٢٠٠٩، ص٧٩.

(3) Richard Butsch, Media and Public Sphere, Palgrave Macmillan Press, New York, 2007, P;72.

لەناوچوون بڕوات[١].

(هابرماس) چەمکی سەرمایەداریی پێشکەوتوو - دوایین - بۆ سەدەی بیستەم بەکاردێنێت، چونکە ئەم جۆرە لە سەرمایەداری بۆتە هۆی داڕمانی پانتایی گشتی بۆرژوازی، بەو پێیەی تۆڕێکی بچوک لە سەرمایەداران لە ڕێگای کەرەستە و ئامڕازە هەمەجۆرەکانیانەوە دەستیان بەسەر ئەم پانتاییەدا گرتووە. (هابرماس) ئەمە بە دەسخەڕۆکردنی ژین جیهان[*] لەلایەن سیستەمەوە ناودەبات[**]، کە تێیدا زۆرینەی کۆمەڵگا کە لە چینی ناوەڕاست و کرێکاران و هەژاران پێکهاتوون هیچ ڕۆڵیکیان تێدا نییە، بۆیە ئەرکی ڕزگاری دەخاتە ئەستۆی هەمووان، بەجۆرێک هەمووان پابەند

(١) أشرف منصور، المصدر السابق، ص ص٢٥٩،٢٦٠.

(*) وشەی ژین جیهان کە دەکرێت بە (جیهانی گوزەرێنراو یان ژیانگا یاخود جیهانی ژیان) یش بەناوی بکەین بە ئەڵمانییەکەی (هابرماس) وشەی (Lebenwelt) ی بۆ بەکارهێناوە کە لە هەردوو وشەی ژیان (Leben) لەگەڵ جیهان (Welt) پێکهاتووە. بۆ یەکەمجار (ئێدمۆند هۆسرەڵ) ئەم چەمکەی بەکارهێناوە و شیکردنەوەیەکی دیاردەگەرایانەی بۆ کردووە بەمەبەستی بەراوردکردن لەنێوان هەڵوێستی سروشتی پێش تیۆریی تاکەکان بۆ جیهانی ڕووپۆشکراو بە ڕوانگەیەکی تیۆریی و کالایی و حیسابییەوە. هەروەها (ویتگنشتاین) یش شیکردنەوەی ژین جیهانی لە شێوازەکانی ژیاندا کردووە، بەڵام لە ڕوانگەی (یۆرگن هابرماس) ەوە ژین جیهان گرێدراوەتەوە بە کلتور و کۆمەڵگا و تاکەکانەوە و لەمیانەی کردەی پەیوەندیکارییەوە گەشە دەکات کە لای (دۆرکهاییم) ئەم کردە پەیوەندیکارییە لە هۆشیاری گشتی ژیانی ڕۆژانەدا ڕەنگدەداتەوە و (هابرماس) یش هەمان تێڕوانینی هەیە. (هابرماس) ئەم چەمکە بەکاردێنێت بۆ دەلالەت کردن لە پانتایی گشتی نارەسمی لە دەرەوەی بازاڕ و دەسەڵات، کە هێمایە بۆ ژیانی ڕۆژانەیی نێوان تاکەکان و شێوازە هەمەجۆرەکانی ژیان وەک خێزان و کلتور و ڕۆشنبیری و سیاسەت لە دەرەوەی چوارچێوەی ڕەسمی و ئامڕازەکانی ڕاگەیاندنی جەماوەری و... تاد. بڕوانە: (نیکۆلاس دەیڤی، وەرگێڕانی: پێشڕەو محەمەد، "یۆرگن هابرماس: ڕووکردنە تیۆریی ڕەخنەیی"، کۆمەڵێک نووسەر، ئاشنابوون بە یۆرگن هابرماس، دەزگای ئایدیا بۆ فکر و لێکۆڵینەوە، چاپخانەی کارۆ، هەرێمی کوردستان/عێراق، بەبێ ساڵی چاپ، ل١٢٩)، و (یورغن هابرماس، الدين و العقلانية: نصوص و سياقات، ترجمة: حسن صقر، دار الحوار للنشر و التوزيع، سوريا، ٢٠١٦، ص٥١)، و (عطيات أبو السعود، الحصاد الفلسفي للقرن العشرين و بحوث الفلسفية أخرى، دار الكتب و الوثائق القومية، شركة الجلال للطباعة، الإسكندرية/مصر، ٢٠٠٢، ص ص١١٣-١١٧).

(**) ئەگەر لە دونیای سیستەمدا، سیستەم لەباتی مرۆڤ بدوێت و، سیستەم یاساکانی خۆی بەسەر مرۆڤەکاندا بسەپێنێت، ئەوا لە ژین جیهاندا مرۆڤەکان ئازادانە بۆ یەکدی و لەگەڵ یەکدیدا دەدوێن. سیستەم سەرزەمینی ئابوری و بیرۆکراسییەتە، لەکاتێکدا ژین جیهان سەرزەمینی سیاسەت و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و پانتایی گشتی و پەیوەندی تایبەتی کەسەکانە لەگەڵ یەکدیدا. کۆمەڵگا هەم پێویستی بە سیستەم، هەم پێویستی بە ژین جیهانە، بەمەبەستی سەقامگیربوونی کۆمەڵگا؛ سیستەم بۆ گەشەی ئابوری پێویستە، ژین جیهانیش بۆ پاراستنی مرۆڤایەتی و کۆمەڵگایەکی کراوە و ئازاد و هاریکار، بەڵام لە هەردووکیاندا ئەخلاق پێویستە ئامادەیی هەبێت. هەرچەندە کێشەکان لەویوە دەستپێدەکات کە سیستەم بیەوێت خۆی بەسەر ژین جیهاندا بسەپێنێت، ئەمەش بە کێشەی کۆمەڵگا هاوچەرخەکان دادەنرێت چونکە تێیدا سیستەم بەهێز بووە و فشار دەخاتە سەر ژین جیهان. بڕوانە: (مەریوان وریا قانیع، دەسەڵات و جیاوازی، ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەری ئەندێشە، چاپخانەی تاران، ئێران، چاپی سێیەم، ٢٠١٣، ل ل٤١٢،٤١٣).

دەکات بە گەڕان بەدوای عەقڵانییەتێکی نوێدا لە پانتایی گشتیدا(١).

لەم سۆنگەیەوە (هابرماس) لە لێکۆڵینەوەکانی ئەم دواییانەیدا، لەژێر ڕۆشنایی سێ ڕەگەزی بنەڕەتیدا گفتوگۆی پانتایی گشتی دەکات و دەیبەستێتەوە بە دیموکراتییەوە:(٢)

١. ئەو ڕایەڵەیەی کە گفتوگۆکردن پشتی پێدەبەستێت لە پانتایی گشتیدا مەرجە کە دەرفەت بە هەمووان بدات تاکو بە ئازادی و بە یەکسانی بەشداری لە گفتوگۆکردندا بکەن.

٢. نابێت هیچ لایەک سوربێت لەسەر ئەو بەرژەوەندی و داخوازییانەی کە لەمیانەی گفتوگۆ گشتییەکاندا دەخرێنەڕوو، بەڵکو دەبێت ڕەچاوی ئەوە بکەن کە لەمیانەی گفتوگۆکردندا گۆڕانیان بەسەردا دێت، ئەمەش لەپێناوی گەیشتن بە کۆدەنگی یاخود نزیکبوونەوە لە کۆدەنگی.

٣. ئەوەی کە (هابرماس) لە کارەکانی کۆتاییدا گرنگی پێدەدات بریتییە لە پرۆژەی دیموکراتی ڕاوێژگەریی کە خۆی دەبینێتەوە لە گفتوگۆ و ڕاوێژکردنی عەقڵانیدا لە پانتایی گشتیدا کە نوێنەرایەتی سەرچاوەی سەرەکی شەرعییەت دەکات(*).

دوای ئەو گۆڕانکارییانەی کە پانتایی گشتی لەم چەند دەیەیەی ڕابردوودا بەسەریدا هات و بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕەخنانەی ئاڕاستەی کران (هابرماس) دانینا بە فرەیی پانتایی گشتیدا، پێی وابوو خاڵێکی تر کە بەشداری لە بزربوون یاخود لەناوچوونی پانتایی گشتی بۆرژوازیدا کرد بریتیبوو لە دەرکەوتنی دیموکراتی زۆرینە و سەروەریتی بازرگانی گشتگیر و سەرهەڵدانی ئەو گوتارە گشتییەی یاری بە عەقڵ دەکات لەبری ئەوەی برەو بە گفتوگۆی عەقڵانی لەنێوان هاووڵاتیاندا بدات(٣). کەواتە پانتایی گشتی تەنها لە سنوری چینێکی دیاریکراودا نەمایەوە کە بۆرژوازییە، بەڵکو بوو بە پانتایی هەموو ئەوانەی کە دەتوانن ڕۆڵی تێدا بگێڕن، بەڵام زیاتر ئەوانەی کە خاوەن توانا و دەسەڵاتن(**).

(١) د. کەمال پولادی، مێژووی ئەندێشەی سیاسی لە ڕۆژئاوا: سەدەی بیستەم، وەرگێڕانی: مەهدی خوندل، بەرگی سێیەم، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٢.

(٢) مصطفى الحداد، "من الإجماع إلى المفارقة أو رانسيير ضد هابرماس"، مجموعة مؤلفين، الماركسية الغربية و ما بعدها: التأسيس و الإنعطاف و الإستعادة، المصدر السابق، ص ص٢٨٣،٢٨٤.

(*) (هابرماس) سێ مۆدێلی دیموکراتی دیاریدەکات: یەکەم/ مۆدێلی لیبراڵی. دووەم/ مۆدێلی کۆماری. سێیەم/ مۆدێلی ڕاوێژگەریی. ئەمەی دواییان جێی پەسەندی (هابرماس) و کاری لەسەر کردووە. بڕوانە: (أبو النور حمدي أبو النور حسن، يورجين هابرماس: الأخلاق و التواصل، التنوير للطباعة و النشر و التوزيع، لبنان، ٢٠١٢، ص١٩١).

لە ڕوانگەی (هابرماس) ەوە پەیوەندییەکی بەتین لەنێوان پانتایی گشتی و دیموکراتی ڕاوێژگەریدا هەیە، بەڵام ئێمە لەم توێژینەوەیەدا باس لە دیموکراتی ڕاوێژگەریی ناکەین، ئەمەش لە سۆنگەی پرسیار و ئامانجی توێژینەوەکەمانەوە، چونکە زیاتر سەرنجمان لەسەر عەقڵانییەت و پانتایی گشتی چڕکردۆتەوە.

بۆ زانیاری زیاتر لەسەر دیموکراتی ڕاوێژگەریی لای (یۆرگن هابرماس) بنواڕە لێکۆڵینەوەیەک بە زمانی کوردی بە ناونیشانی (دیموکراسی ڕاوێژگەری لە فەلسەفەی سیاسی یۆرگن هابرماس دا، ئیدریس شێخ شەرەفی، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر/هەرێمی کوردستان/عێراق، ٢٠١٣)، کە لە بنەڕەتدا توێژینەوەی نامەی ماستەرە و کراوە بە کتێب.

(٣) منير الجوري، المصدر السابق، ص٢٧.

(**) هەرچەندە پێشتر (هابرماس) هێمای بۆ دروستبوونی پانتایی گشتی دیکە و جیاواز لە پانتایی گشتی بۆرژوازی

له کۆتاییدا دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە (هابرماس) چەمکی پانتایی گشتی بۆرژوازی بۆ قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراو بەکاردەهێنێت، کەواتە لە هزری (هابرماس) دا پانتایی گشتی لە گۆڕان و پێشکەوتنی بەردەوامدایە، وێڕای ئەوەی سروشتی ئەو گۆڕان و پێشکەوتنە دیارناکات، بەڵام لە ڕوانگەیەکی گریمانەیی و ئایدیاڵییەوە هەوڵی پەروەردەکردن و فەلسەفاندن و بەعەقڵانیکردنی ئەو پانتاییە گشتییە دەدات. بۆیە بەمەبەستی تێگەیشتنی زیاتر لە چەمکی پانتایی گشتی لای (هابرماس) پێویستمان بە کونجکۆڵی و پشکنینی بونیاد و پەیکەربەندی و دەلالەتەکانی ئەو چەمکەیە و لێرەوە بەرەو تێگەیشتن لە بونیادی پانتایی گشتی هەنگاو دەنێین.

**لقی دووەم: بونیادی پانتایی گشتی:**

لەم لقەدا کە ئاماژە بە بونیاد و پەیکەربەندیی پانتایی گشتی دەکەین، مەبەستمان ئەوەیە لە سۆنگەی هزری (یۆرگن هابرماس) ەوە لەڕووی بونیادی دامەزراوەییەوە سەرنجی بخەینەسەر، بەڵام ئەمە بەو واتایە نایەت کە پانتایی گشتی بریتییە لە دامەزراوەیەکی دیاریکراو و بەرجەستەی هەمیشەیی چونکە ناکرێت وەک دامەزراوەیەک یاخود وەک ڕێکخراوێکی جێگیر کە خاوەن خەسڵەتی یاسایی - دەزگاییە تەماشای پانتایی گشتی بکەین[(١)]. بەڵکو بەو جۆرە تەماشای پانتایی گشتی دەکەین کە بریتییە لە گۆڕەپان یاخود پانتاییەک کە زیاتر بەهایەکی واتایی - مەعنەوی هەیە. هەرچەندە پێویستی بە ڕەگەزی شوێن هەیە تاکو خەڵکی بتوانن تێیدا کۆببنەوە و گفتوگۆ بکەن، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەو شوێنە گۆڕانی بەسەردا دێت و لەژێر ڕێکار و ڕێسای نووسراو و یاساییدا کارناکات، جگە لە ئامادەیی پرەنسیپی ئەخلاقی کۆمەڵایەتی تێیدا.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەم پانتاییە تەنها یەک واتا و ڕەهەندی نییە و بۆ یەک مەبەست و یەک ئامانج بەکارنایەت بەڵکو هەڵگری واتا و دەلالەتی هەمەجۆرە، هەروەکو چۆن (رشید العلوي) ئەم دەلالەتە هەمەجۆرانەی چەمکی پانتایی گشتی لای (هابرماس) لەمانەی خوارەوەدا کورت دەکاتەوە:[(٢)]

١. دەلالەتی سیاسی: بریتییە لە هەر چەشنە کۆبوونەوەیەکی تاکەکان لە شاردا، لەگەڵ چۆنیەتی ڕێکخستنی کاروبارەکانیان و چۆنیەتی بەکارهێنانی بەهرە عەقڵی و جەستەییەکانیان.
٢. دەلالەتی کۆمەڵایەتی: بریتییە لە نوێنەرایەتی کۆی بونیادە کۆمەڵایەتییەکان لەڕووی پێکهاتە و ئەرک و چۆنیەتی کارلێکی ڕەگەزەکانیانەوە.

---

کردبوو، بۆ نموونە باسی پانتایی گشتی پڕۆلیتاریای کردبوو، کە شتگەلێکی تێدا دەگوترێت و ئاڵوگۆڕ دەکرێت جیاوازە لەوەی لە پانتایی گشتی بۆرژوازیدا دەکرێت. (هابرماس) ئەم پانتایی گشتی پرۆلیتاریایە بە پانتایی کەنار ناودەبات، لەکاتێکدا پانتایی گشتی بۆرژوازی وەک سەنتەر یاخود ناوەند ناودەبات. بڕوانە: (مەریوان وریا قانع، کۆمەڵگا و غەریبەکانی، ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەری ئەندێشە، چاپخانەی ئەندێشە، سلێمانی/هەرێمی کوردستان/عێراق، ٢٠١٨، ل١٩٦).

(1) Jurgen Habrmas, Between Facts and Norms: Contributions to a Discourse Theory of Law and Democracy, Translated by; William Rehg, The MIT Press, USA, Second Edition, 1996, P;360.

(٢) رشيد العلوي، المصدر السابق، ص ص٩٨.

٣. دەلالەتی ئابوری: بریتییە لە پانتایی گۆڕینەوەی کاڵا و شتومەک، لەگەڵ پەیوەندییە هەمەجۆرەکانی بەرهەمهێنان و بەکاربردن و چۆنیەتی بەکارخستنیان، هەروەها پانتایی کۆمەڵگای مەدەنیش دەگرێتەوە.

٤. دەلالەتی ڕۆشنبیری: بریتییە لە بەرهەمە ڕەمزییە زمانەوانی و ئەدەبی و هزرییەکان کە لای (هابرماس) پەیوەندیدارە بە یانە و هۆڵە ئەدەبییەکان، لەگەڵ ڕۆڵی بۆرژوازییەت لە ململانێی نێوان چینی بۆرژوازی و چینی دەرەبەگدا.

٥. دەلالەتی ئەخلاقی: بریتییە لە ئاڕاستەکردنی خودی مرۆڤ، لەڕووی هزری و کردەییەوە بەپێی پێوەری ئەخلاقی دیاریکراوە، ئەوەی دواتر (هابرماس) بەناوی ئیتیکی گفتوگۆوە ڕێساکانی دیاری دەکات.

٦. دەلالەتی ئەنتۆلۆجی: بریتییە لە بایەخی فاکتەری پەروەردەیی هاوبەش لەپێناو ژیانێکی هاوبەش و ئامادەیی تاک لە پانتایی گشتیدا بەو پێیەی کائینێکی سەربەخۆ و ئازادە و بەپێی پڕەنسیپە مرۆییەکان مامەڵە دەکات.

(هابرماس) پانتایی گشتی وەک پانتاییەکی سەربەخۆ و جیاواز دەبینێت، لەم سۆنگەیەوە بۆئەوەی بەتەواوەتی چوارچێوەکەی بکێشێت تەنانەت لە پانتایی پەرلەمانیش جیای دەکاتەوە، چونکە پێی وایە پانتایی پەرلەمان بەشێکی گرنگە لە دەوڵەت و دڵبەندی و وابەستەیی بۆ دەسەڵاتی سیاسی هەیە، لەکاتێکدا پانتایی گشتی پانتایی هاوڵاتیانە و دڵبەندی بۆ میللەت هەیە، وێرای ئەوەی پانتاییەکە ڕزگاری بووە لە هەموو بوارەکان و لەژێر ڕکێفی هیچ دەسەڵاتێکی ڕەسمیدا نییە[١].

(هابرماس) بۆ شیکردنەوەی زیاتری ئەمە دەسەڵاتی سیاسی لە دەوڵەتی دیموکراتیدا دابەشدەکات بەسەر: دەسەڵاتی بەڕێوەبردن و دەسەڵاتی پەیوەندیکردندا. ئاماژە بەوە دەکات کە دەسەڵاتی بەڕێوەبردن لەلایەن دەوڵەتەوە جڵەوگیر کراوە و گوزارشت لەو دەسەڵاتە دەکات کە یاساکان دەردەکات و کاری پێدەکات و جێبەجێیان دەکات. بەو واتایەی دەوڵەت هەژموونی بەسەر ژیانی کۆی گشتی هاووڵاتیاندا هەیە لە پانتاییە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتییەکاندا، بەڵام دەسەڵاتی پەیوەندیکردن ئاماژە بەجۆرێک لە دەسەڵات دەکات کە لە چۆنیەتی پەیوەندیکردنی خۆکردی نێوان هاووڵاتیانەوە سەرچاوە دەگرێت لە ژین جیهانی بونیادنراو لە پانتایی گشتییەوە و هیچ کەسێک ناتوانێت خاوەندارێتی بکات[٢]. ئەمەش بەو واتایە دێت لە بەرامبەر سیستەم دا کە خۆی لە دەسەڵاتە یاساییەکانی دەوڵەتدا دەبینێتەوە، پانتاییەکی دیکە هەیە کە لە ژین جیهانەوە هەڵدەقوڵێت، جەماوەر یاخود هاووڵاتیان لەمیانەی پرۆسەیەکی پەیوەندیکارییەوە ڕەنگرێژی دەکەن، بەجۆرێک پانتاییەکی گشتی پێکدێنن کە بە چەردەیەکی ڕەخنەگرانەوە هەوڵدەدات بە ئاڕاستەکردنی خواست و داواکارییەکانی ڕووەو سیستەم فشار لەسەر سیستەم دروستبکات و لە هەمان کاتدا لە فشار و هەژموونکارییەکانی سیستەم ڕزگاری بێت.

(١) أبو النور حمدي أبو النور حسن، المصدر السابق، ص١٩٦.

(٢) مصطفى الحداد، "من الإجماع إلى المفارقة أو رانسيير ضد هابرماس"، مجموعة مؤلفين، الماركسية الغربية و ما بعدها: التأسيس و الإنعطاف و الإستعادة، المصدر السابق، ص٢٩٣.

به بۆچوونی (هابرماس) ئەمەش دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی دوو جۆر لە ماف، یاخود بە واتایەکی تر ئەم پانتایی گشتییە جیاوازی لەنێوان دوو جۆر لە مافەکاندا دەکات: یەکەمیان بریتییە لە مافی گوزارشتکردن لە بۆچوون. دووەمیان بریتییە لە مافی کاریگەری بۆچوونەکە. بەم جۆرە لەمیانەی مافی یەکەمیاندا پێویست بە دەزگا و دامەزراوە و ڕێکخراوە ناکات بۆ گواستنەوەی بۆچوونەکان، بەڵام لەمیانەی مافی دووەمیاندا کاتێک کاریگەری لەسەر سیاسەت و یاسادانان هەبێت ئەوا دەبێت بەدامەزراوەیی بکرێت[1]. کەواتە لە دەرئەنجامی ئەو خواست و داوا و ئارەزووانەوەی کە لە پانتایی گشتی نارێکخراو و نارەسمی و خۆڕسکدا گەڵاڵە دەبن دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی ئەو ڕێسا و یاسا و پرۆژە و بەرنامانەی کە دەخرێنە بواری کارەوە و لەلایەن دەزگا و دامەزراوەکانەوە جێبەجێدەکرێن.

دەکرێت ئەو دابەشکارییەی کە (هابرماس) بۆ دامەزراوەکانی پانتایی گشتی دەیکات بەسەر سێ کەرتدا پۆلێنبەندی بکەین، ئەوانیش: یەکەمیان بریتییە لە کەرتی گشتی کە دەوڵەت و دادگاکان لەخۆدەگرێت. دووەمیان لە کەرتی تایبەت پێکدێت کە بریتییە لە کەرتی شتومەک و کاڵا و خێزان و ڕۆشنبیرە بۆرژوازییەکان. سێیەم و کۆتایی بریتییە لە کەرتی سیاسی شار کە هۆڵ و یانە و ساڵۆن و قاوەخانە و ڕۆژنامەی ڕۆژانەیی و گۆڤارەکان دەگرێتەوە[2]. بەڵام کاتێک دەگەڕێتەوە بۆ مێژوو لە باسکردنی دامەزراوەکانی پانتایی گشتیدا ئاماژە بۆ قاوەخانەکان دەکات کە مێژووی دروستبوونیان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی (١٦٥٠)، چونکە ئەو قاوەخانانە وەک ناوەند و کەناڵێک وابوون کە پیاوانی کار و بازرگانەکان پشتیان پێدەبەست بۆ گفتوگۆکردن دەربارەی پرسە هاوبەشەکان و ئەوانەی پەیوەندیدار بوون بە بەرژەوەندییە گشتییەکانەوە، ئەمانە دواتر لە سەدەی هەژدەیەمدا بەرفراوانبوونەوە و کاریگەریشیان لەسەر پرسە سیاسی و ئابورییەکان هەبوو. جگە لەوە ساڵۆنە ڕۆشنبیرییەکانیش کە بیرمەند و ڕۆشنبیر و خانەدان و بۆرژوازییەکانی لەخۆدەگرت بە هەمان شێوە گۆڕەپانێک بوون بۆ گفتوگۆکردن[3]. ئەم گۆڕەپانانە کە لە تۆڕەکانی پەیوەندیکردن پێکهاتوون وەک جەوهەری دامەزراوەکان لە پانتایی گشتیدا، هەم زیادیانکرد، هەم بەرفراوانبوونەوە بۆ کۆمەڵەی کلتوری و ڕۆژنامە و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، پاشان جەماوەر یاخود هاووڵاتیان بەگشتی لە هونەری بەشداریکردن لە دووبارە بەرهەمهێنانەوەی کلتور و یەکانگیریی کۆمەڵایەتیدا بە ڕێگای ڕای گشتییەوە بوون بە خاوەن ڕۆڵ و کاریگەری بەرچاو لە پانتایی گشتیدا[4].

هەرچەندە (هابرماس) پێی وایە ئەم دۆخە گۆڕانی بەسەردا هات چونکە بە پرۆسەی گواستنەوە لە دەوڵەتی لیبراڵی دەستورییەوە بەرەو دەوڵەتی سۆسیالیستی دیموکراتی، کە لەمیانەیدا

---

(١) أشرف منصور، المصدر السابق، ص٢٥٦.

(2) Jurgen Habermas, The Structural Transformation of the Public Sphere; An Inquiry into a Category of Bourgeois Society, Op.cit, p:30.

(٣) خالد كاظم أبو دوح، "مفهوم المجال العام: الأبعاد النظرية و التطبيقات"، مجلة إضافات، جمعية العربية لعلم الإجتماع بتعاون مع مركز دراسات الوحدة العربية، العدد الخامس عشر، الجزائر، صيف٢٠١١، ص١٤٣.

(4) Jurgen Habermas, The Theory of Communicative Action; Lifeworld and System… A critique of Functionalist Reason, Volume 2, Translated by; Thomas McCarthy, Op.cit. P;319.

دەستێوەردانێکی گەورەی دەوڵەت هەیە لە کۆی گشتی پانتاییەکانی ژیاندا، وایکرد کە ببێتە هۆی داگیرکردنی پانتایی گشتی[١]. لەلایەکی دیکەوە تەنانەت ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکانیش لە پەیوەندیدا لەگەڵ حکومەت یان لە ڕێگای پارتە سیاسییەکانەوە یاخود ڕاستەوخۆ لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتییەکانی کاروباری گشتیدا مامەڵە دەکەن، ئەم دۆخەش بە هەمان شێوە جۆرێک لە داگیرکردنی نوێی پانتایی گشتی لێکەوتۆتەوە چونکە ڕێکخراوە گەورەکان هەوڵدەدەن لە پشت دەرگا داخراوەکانەوە و بەنهێنی لەگەڵ حکومەتدا ڕێککەوتنی سیاسی بکەن، هەرچەندە دەبێت لەمیانەی بانگەشەی نمایشییەوە لانیکەم پشتیوانی جەماوەری خەڵکیش بەدەستبێنن[٢]. ئەمەش بە مەترسیەکی گەورە دادەنرێت، لەبەرئەوەی ئەو ڕێکخراو و دەزگا و دامەزراوانە کە خاوەن ڕاگەیاندنی زەبەلاح و بەرفراوانن و دەتوانن کاریگەری لەسەر ڕای گشتی و خەڵکی دروستبکەن ئەم پرۆسەیە لە ڕێگای تەفرەدان و بەلاڕێدابردن و هەڵخەڵەتاندنی جەماوەر و هاووڵاتیانەوە دەکەن، بۆیە سەرتاپای پرۆژەکەی (هابرماس) لەمیانەی تیۆری کردەی پەیوەندیکارییەوە[*] لەپێناوی ئەوەدایە پانتایی گشتی لەم بەهەڵە ئاڕاستەکردن و شێواندن و قۆرخکارییە ڕزگار بکات، بۆ ئەمەش هەوڵی بەعەقڵانیکردنی هاووڵاتیان دەدات لە پانتایی گشتیدا بەمەبەستی دۆزینەوەی حەقیقەت و پەردە هەڵماڵین لەڕووی ڕاستییەکان کە بەهۆی چەواشەکاری بەرنامە بۆدارێژراوی ئامانجدارەوە پەردەپۆشکراون.

---

(١) باولين، هابرماس و مفهوم الفضاء العمومي، ترجمة: نورالدين علوش، مجلة دراسات إنسانية و إجتماعية، جامعة وهران، العدد ٤، الجزائر، ٢٠١٤، ص٢٣٤.

(٢) یۆرگن هابرماس، "قەڵەمڕەوی مەڵبەندی گشتی"، وەرگێڕانی: ئەرسەلان حەسەن، کۆمەڵێک نوسەر، ئاشنابوون بە یۆرگن هابرماس، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٦.

(*) لەم توێژینەوەیەدا چەمکی (کردەی پەیوەندیکاری) بەکاردەهێنین لەبری چەمکی ئەڵمانی ( kommunikatives Handeln)ی (یۆرگن هابرماس)، کە لە زمانی عەرەبیدا وەرگێردراوەتە سەر چەمکی (الفعل التواصلية)، لە زمانی ئینگلیزیدا (Communicative Action)، هەروەها لە زمانی کوردیدا دەکرێت ئەم چەمکانەشی بۆ بەکاربهێنرێت: (کردەی پەیوەندیکار، کردەی پەیوەندیکردن، کردەی پەیوەندیخواز، کردەی پەیوەندیساز، کردەی پەیوەندیگەریی، کردەی پێکەوەڕۆ، کردەی بەیەکگەیشتن).

# تەوەری دووەم

# پێگەی عەقڵانییەت لە پانتایی گشتیدا

لەم تەوەرەیەدا باس لە ڕۆڵ و پێگەی عەقڵانییەت دەکەین لە پانتایی گشتیدا، بەجۆرێک لای (هابرماس) ئەمە لە گوتارێکی بەڵگەیی و پەیڕەوکردنی هێرمۆنیتیک و کردەی پەیوەندیکارییدا خۆی دەبینێتەوە، ئێمەش لێرەدا لەمیانەی سێ لقەوە لە سەنگ و قورسایی عەقڵانییەت لە هەر یەکێک لەم بابەتانە دەکۆڵینەوە.

**لقی یەکەم: گوتاری بەڵگەیی... گەیشتن بە حەقیقەت:**

(هابرماس) پێی وایە ئەو سێ کەرەستە تایبەتمەندەی لای (ئەرستۆ) جێی بایەخن - گوتار و گفتوگۆ و لۆژیک - هەرسێکیان لەسەر کۆڵەکەی بەڵگە ڕاوەستاون، چونکە گوتار گرنگی بە بەڵگە دەدات بەو سیفەتەی کە پڕۆسەیەکە. بە هەمان شێوە گفتوگۆ لەڕووی ڕێکخستن و سازان و هارمۆنیاوە گرنگی بە بەڵگە دەدات. هەروەها لۆژیکیش گرنگی بە بەڵگە دەدات بەو پێیەی دەرئەنجامە. کەواتە بەڵگە پڕۆسەی قەناعەتپێکردنی گوێگرە لە ڕێگای گوزارشتکردنەوە کە پشت بە ڕەزامەندی کۆمەڵ دەبەستێت، لە هەمان کاتدا ڕێکخستن و سازاندنیشە، بەو پێیەی کۆتایی بە گفتوگۆ دێنێت دەربارەی بانگەشە گریمانەییەکانی توانا و دەسەڵات، هەروەها دەرئەنجامیشە لەمیانەی جیاکردنەوەی نیەتی بونیادنان و نرخاندنی بانگەشەکانی توانا و دەسەڵاتەوە[(١)].

لێرەدا پرسیاری پەیوەندی نێوان بەڵگە و حەقیقەت دروست دەبێت، بۆ ئەمە (هابرماس) پێی وایە حەقیقەتەکان پێکناهێنرێن یاخود دروستناکرێن لەبەرئەوەی قەوارەیەک یاخود کەرەستەیەک نین لە جیهانی دەرەکیدا، بەڵکو بریتین لە پەیوەستی و بەستنەوە و گرێدانەوەی گوتراوەکان لەسەر ئاستی بەڵگە و مشتومڕ. کەواتە گوتار گوزارشت لە هەموو بابەتەکانی جیهان دەکات، ئەوانەی پێویستیان بە ڕەنگرێژکردن یاخود میتۆدێک هەیە بۆ سەلماندنی ڕاستی و دروستی یاخود حەقیقەتیان[(٢)]. لەکاتێکدا گرنگی بەڵگە پابەندبوونە بە جیاکاری و دابەشکردن لەنێوان ئەوەی کە پەیوەندیدارە بە پوختەی بەڵگەوە بەمەرجێک بگونجێت لەگەڵ ئەو میکانیزمە دەلالیانەی کە شیاو و گونجاون بۆ گوتنی هەر شتێک کە حەقە، هەروەها لەنێوان ئەوەی پەیوەندیدارە بەو میکانیزمە گوزارشتییانەوە کە شیاو و لەبارن بەهۆی کاریگەرییانەوە لەسەر گروپێک لە گوێگران، ئەمەش بەمەبەستی پەسەندکردن یاخود ڕەتکردنەوەیە لەمیانەی مشتومڕێکی عەقڵییەوە[(٣)].

(١) مانويل ماريا كاريلو، خطابات الحداثة، ترجمة: إدريس كثير و عزالدين الخطابي، دار ما بعد الحداثة، فاس/المغرب، ٢٠٠١، ص١٤٣.

(٢) د. علي عبود المحمداوي، الإشكالية السياسية للحداثة: من فلسفة الذات إلى فلسفة التواصل، دار ومكتبة عدنان و كليمة للنشر و التوزيع و منشورات ضفاف، بغداد و تونس و بيروت، ٢٠١٥، ص ص١٥٧،١٥٨.

(٣) باتريك شارودو، الحجاج بين النظرية و الأسلوب، ترجمة: أحمد الودرني، دار الكتاب الجديد المتحدة، بيروت، ٢٠٠٩، ص ص٨،٧.

لێرەوە تیۆری گوتاری حەقیقەتی (هابرماس) بەرامبەر هەموو تیۆرییەکی یەکانگیرانە ڕادەوەستێت، کە بەپێی ئەم تیۆرە حەقیقەت بەرهەمی ڕێککەوتنی هەمەلایەنە سەبارەت بە ڕاستێتی هەر داوەریکردنێک کە بەرهەمی دۆخێکی گفتوگۆئامێزی یەکسان و بێئاشوبی پشتبەستووە بە زەینی تایبەتی تاکەکان[١]. چونکە بە باوەڕی (هابرماس) هەروەکو چۆن ناکرێت قسە لەسەر عەقڵێکی بێگەرد بکەین لە پڕۆسەی پەیوەندیکردن و گفتوگۆکردندا، بە هەمان شێوە گوتارێکی بێگەرد و بێخەوشیش لەئارادا نییە، بەڵکو گوتاری نموونەیی و واقیعی لەمیانەی کارلێککردندا تێکەڵ بەیەکدی دەبن[٢]. بەڵام پێویستە جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە کە ڕاستێتی لەسەر هەر شتێک بەدەستناهێنرێت تەنها بە ڕێگای بەڵگەوە نەبێت، چونکە بانگەشەی بونیادنراو لەسەر ئەزمون بانگەشەیەکی باوەڕپێکراو نییە[٣]. کەواتە (هابرماس) پێی وایە بونیادی گشتی گوتار پێش هەموو شتێک پێویستە لەلایەن پرسی تێگەیشتنەوە لێی بکۆڵدرێتەوە نەک بەپێی ئەزمون[٤].

لەگەڵ ئەوەشدا تیۆری گوتار بەدیهاتنی سیاسەتی بەشدارێتی هاووڵاتیان بەدامەزراوەییکردنی ڕەهەندە گونجاوەکانیەوە گرێدەدات. لێرەدا هاووڵاتی وەکو کاراکتەرێکی کۆمەڵایەتی لەبەرچاو دەگیرێت کە ڕەنگدانەوەی گشتە و بۆ گشت کاردەکات، چونکە لەودیوی کردەی هەڵبژاردنی تاکەوە هیچ بڕیارێکی جڤاقی ناتوانێت بوونی هەبێت[٥]. لێرەوەیە ڕای گشتی و ئیرادەی سیاسی دەبنە سەرچاوەی سەرەکی بۆ شەرعییەتی دەسەڵات، بەڵام ئەم شەرعییەتە بەردەوامی نابێت ئەگەر لە ڕێگای بەڵگەی ئەخلاقی گشتگیر و سەراپاگیرەوە نەبێت[٦] بۆیە (هابرماس) دەڵێت ئەگەر پێویست بێت ئەوا دەبێت دەسبەرداری تێزی بەڵگەی ڕەها و باڵا بین لە بەرامبەر ئەو بەڵگەیەی کە باوەڕ بە جەماوەرێکی دیاریکراو دەکات لە کات و سەردەمێکی دیاریکراودا[٧]. هەرچەندە ئەم پڕۆسەیە ناتوانێت ئاراستە وەربگرێت تەنها بە ڕێگای دەسەڵاتی عەقڵەوە نەبێت، ئەمەش بە ئەنجام ناگات تەنها لە کۆمەڵگا دیموکراتییەکاندا نەبێت[٨]. ئەو کۆمەڵگایانەی کە بە ئەنجامدانی کردەی ناتوندوتیژ

---

(١) د. حسەین بەشیریە، مارکسیزمی فەلسەفی ڕۆژئاوایی، وەرگێڕانی: مەنسور تەیفوری، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، هەرێمی کوردستان/عێراق، چاپی دووەم، ٢٠٠٩، ل١٦٩.

(٢) محمد نورالدين أفاية، الحداثة و التواصل في الفلسفة النقدية النعاصرة: نموذج هابرماس، أفريقيا الشرق، بيروت، الطبعة الثانية، ١٩٩٨، ص٢١٤.

(٣) المصدر نفسه، ص٨٤.

(٤) المصدر نفسه، ص١٩٩.

(٥) یۆرگن هابرماس، "سێ مۆدێلی نۆرمی دیموکراسی"، وەرگێڕانی: مەجید مارابی، کۆمەڵێک نوسەر، ئاشنابوون بە یۆرگن هابرماس، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٢،٧٣.

(٦) رينر روشليتز، "ماركس، هابرماس و الديمقراطية الراديكالية"، ترجمة: سليم قندلفت، مجلة الفكر السياسي، إتحاد كتاب العرب، العدد الثامن، دمشق، شتاء ٢٠٠٠، ص ص٤٧،٤٨.

(٧) ريتشارد رورتي، هابرماس، ليوطار و ما بعد الحداثة، ترجمة: محمد جديدي، مؤسسة مؤمنون بلا حدود للدراسات و الأبحاث، الرباط/المملكة المغربية، ١٥ أكتوبر ٢٠١٦، ص٥.

(٨) رضوان قطبي، "شبكات التواصل الإجتماعي و الفضاء العمومي الإفتراضي بالمغرب"، مجلة الدراسات الإعلامية، المركز الديمقراطي العربي للدراسات و الإستراتيجية و السياسية و الإقتصادية، العدد الرابع، برلين/ألمانيا، آب ٢٠١٨، ص٢٤٨.

بەناوبانگن و بەمەبەستی ناسینەوەشیان (هابرماس) چوار مەرج دیاریدەکات:[(١)]

١. تێگەیشتن لە بۆچوون و دەربڕینەکان.
٢. ڕاستی گوتارەکان.
٣. پەسەندکردنی ڕاستی هەردوو لایەنی گفتوگۆکە.
٤. دروستی پێودانگی ئاخاوتنەکە.

لەگەڵ ئەوەشدا (هابرماس) چەمکی گوتار بە چەمکی بانگەشەکردن بۆ دروستی گرێدەداتەوە. لەم سۆنگەیەوە سێ جۆر لە بانگەشەی دروست دیاریدەکات: بانگەشەکردن بۆ دروستی حەقیقەتەکە و بانگەشەکردن بۆ دروستی شەرعییەتەکەی و بانگەشەکردن بۆ دروستی ڕاستێتیەکەی. لە بەرامبەر هەر یەکێک لەمانەدا سێ جۆر لە گوتار هەیە: گوتاری تیۆریی و گوتاری ئەخلاقی و گوتاری ئیستاتیکی[(٢)].

بەڵام (هابرماس) گەڕاوەتەوە بۆ تیۆری گوتار لای (ئۆستین). دەکرێت هزری (ئۆستین) یش لە مەسەلەی گوتاردا لە دوو خاڵدا پوخت بکەینەوە؛ یەکەم/ ڕەتکردنەوەی دوالیزم: ڕاستی و درۆ بە نموونە. دووەم/ جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی هەر گوتەیەک گوزارشت لە کردەیەک دەکات. لە هەمان کاتدا (ئۆستین) جیاوازی لەنێوان سێ "کردەی پەیڤین[(*)]" دا دەکات، ئەوانیش:[(٣)]

١. کردەی گوتەیی: مەبەست لەو دەنگەیە کە قسەکەر گوێ دەکات یاخود لە قسەکەرەوە دەردەچێت و هەڵگری واتایەکە.
٢. کردەی دەسکەوتی: بریتییە لەو قسە مەبەستدارانەی کە قسەکەر دەریدەبڕێت بۆ دەسکەوتێک کە واتایەکی مەبەستداری هەیە.
٣. کردەی کاریگەریی: هەموو ئەو وشانە دەگرێتەوە کە قسەکەر بەرهەمی دێنێت لە بونیادێکی ڕستەیی ڕێکخراودا کە هەڵگری مەبەستێکی دیاریکراوە لە چوارچێوەیەکی سنورداردا تاکو پەیامەکەی کاریگەری دابنێت لەسەر گوێگر یاخود کەسی وەرگر.

---

(1) Jurgen Habermas, On The Pragmatics of Communication, Translated by: Meave Cooke, The MIT Press, USA, 1998, P;23.

(٢) جيمس جوردن فينليسون، المصدر السابق، ص ص٥١، ٥٧.

(*) تیۆری کردەکانی پەیڤین (أفعال الكلام، Speech Acts) - کە دەکرێت (ئاخاوتن، قسەکردن، گوتە، وتن، دووان) بەکاربهێنرێن - لە سەرەتادا لای (ویتگنشتاین) (١٨٨٩-١٩٥١) دەرکەوت و پاشان لەلایەن قوتابییەکەیەوە (جۆن ئۆستین) گەشەی پێدرا. (جۆن ئۆستین) لە کتێبی (چۆن شتەکان بە وشەکان کاردەکەن) کردەکانی پەیڤینی بەسەر سێ ئاستدا دابەشکردووە: یەکەم/ ئەرکی پەیڤینی پوخت لە گوتراوەکاندایە، ئەمەش ناودەنێت کردەی پەیڤین. دووەم/ ئەرکی تەواوەتی گوتراوەکان یاخود گوزارشتەکان لە گوتەیەکدایە کە خاوەن کردەیە، ئەو ڕستە و گوتراو و دەربڕینانەی کە بە کردە تەواو بکرێت واتا تەواکاریی بێت، ئەمەش ناودەنێت کردەی ئامرازی یان تەواوکاریی یان گوزارشتی. سێیەم/ ئەرکی فەرمانی یاخود ئەنگێزەیی، ئەمەش بەمەبەستی کاریگەریدانانە لەسەر کەسی دوێندراو. پێویستە بڵێین کە (هابرماس) بایەخی بە ئاستی دووەمی کردەی پەیڤین داوە. بڕوانە: (د. عادل مصطفى، فهم الفهم، مدخل إلى الهرمنيوطيقا: نظرية التأويل من أفلاطون إلى جادامر، رؤية للنشر و التوزيع، القاهرة، ٢٠٠٧، ص ص٤٢٠-٤٢٢).

(٣) د. الزواوي بغورة، الفلسفة اللغة... نقد المنعطف اللغوي في الفلسفة المعاصرة، دار الطليعة، بيروت، ٢٠٠٥، ص١٠٧.

(هابرماس) هاتووە جەختی لەسەر جۆری دووەم کردۆتەوە - ئەویش کردەی پەیڤینی دەسکەوتییە - ئەمەش لەبەرئەوەی دوورە لە زۆرلێکردن و ستراتیژیەتێک کە مۆرکێکی کردەیی زمانەوانی کاریگەری هەبێت چونکە مەبەستی سەرەکی بریتییە لە گەڕان لە ئامرازێک بۆ پەیوەندیکردن لەپێناوی تێگەیشتندا لەمیانەی ئاڵوگۆڕکردنی ئازادانەی هزر و بەڵگەکانەوە لە پەیوەندییەکی پەیوەندیکاریی کۆمەڵایەتیدا[١]، چونکە ئەو پاساوانەی کە بەبێ بوونی بەڵگە هەوڵی سەپاندن و جێبەجێکردنی دەدرێت ناتوانێت جێی خۆی بگرێت مەگەر تاک ملکەچ بکرێت پێی، کە ئەمەش بە واتای کەمکردنەوەی بەهای خودیی بەرهەمهاتووە لەگەڵ ئەو ستەم و نادادیەی کە تێگەیشتنی ئەخلاقی خودیی تیوە دەگلێنرێت[٢]. هەرچەندە (هابرماس) پێی وایە تاکە زۆرلێکردنی پەسەندکراو لە گوتاردا بریتییە لە زۆرلێکردنێک کە لەمیانەی بەڵگەوە بەدەستهاتبێت و پاڵنەری ئەو زۆرلێکردنە بریتی بێت لە بەهەماهەنگی گەڕان بەدوای حەقیقەتدا[٣].

هەرچەندە (هابرماس) جیاوازی لەنێوان دوو جۆر پەیوەندیکردندا دەکات لە پانتایی گشتیدا، ئەوانیش: پەیوەندیکردنی سەودا و مامەڵە و کڕین و فرۆشتن کە لەمیانەیدا بەشێوەیەکی ساویلکانە پێشبینی دەکرێت گفتوگۆکە بەرهەمدار بێت. ئەویتر پەیوەندیکردنێکی گوتارییە کە لەمیانەیدا مرۆڤ لە کارایی زمانەکەش دەکۆڵێتەوە[٤]. لێرەدا دەربارەی پەیوەندیکردنی گوتاریی پێویستە سەرنجی سێ خاڵ بدەین، ئەوانیش:

١. گوتار هاومانای زمان یاخود قسەکردن نییە، بەپێچەوانەی زمان یاخود قسەکردنەوە گوتار هەمیشە ئامانجی گەیشتنە بە کۆدەنگی عەقڵانی[٥]، یەکەی بنەڕەتی لە گوتاردا لە کردەی پەیڤیندا ڕەنگدەداتەوە، بەڵام یەکەی بنەڕەتی لە زماندا لە ڕستەدا دەردەکەوێت[٦].

٢. گوتار چالاکییەکی زمانەوانی نییە بەڵکو تیشک دەخاتە سەر گفتوگۆ و مشتومڕ و پاساوی باو و بڵاو لە ژیانی ڕۆژانەدا چونکە ئامرازێکە بۆ ڕێکخستنی ناکۆکییە ڕۆژانەییەکانی کۆمەڵگا هاوچەرخەکان[٧].

٣. گوتار چالاکییەکی توندوتۆڵی ئاڵۆز و ڕێکخراوە نەک تەنها گۆکردنێکی زارەکی، بۆیە

---

(١) مصطفى إنشاءالله، المجتمع المدني: حدود المفهوم عند يورغن هابرماس، منتدى المعارف، بيروت، ٢٠١٧، ص١٣٣.

(٢) يورغين هابرماس، مستقبل الطبيعة الإنسانية نحو نسالة ليبرالية، ترجمة: د. جورج كتورة، المكتبة الشرقية، لبنان، ٢٠٠٦، ص١٠٠.

(٣) مانويل ماريا كاريلو، خطابات الحداثة، ترجمة: إدريس كثير و عزالدين الخطابي، دار ما بعد الحداثة، فاس/المغرب، ٢٠٠١، ص ص١٣٦،١٣٧.

(٤) فلیمینگ جویل، سۆرین ماتیسین، پیتەر ڤیدیل، قوتابخانەی فرانكفۆرت: فەلسەفە وەک تیۆرییەکی ڕەخنەیی، وەرگێڕانی لە سویدییەوە: عوسمان حەمەڕەشید گورون، ناوەندی توێژینەوەی مێژوویی جەمیل ڕۆژبەیانی، چاپخانەی پەنجەرە، سلێمانی/هەرێمی کوردستان/عێراق، چاپی دووەم، ٢٠١٦، ل١٥١.

(٥) جيمس جوردن فينليسون، المصدر السابق، ص٥٦.

(٦) محمد نورالدين أفاية، المصدر السابق، ص١٩٩.

(٧) جيمس جوردن فينليسون، المصدر السابق، ص٥٧.

ڕێساكانی دەبێت دیاریبكرێن و دابڕێژرێنەوە[١].

به دیدی (هابرماس) گوتار بەپێی پێوەرە هەڵقوڵاوەكان لەنێوان خودەكانەوە ئاڕاستە دەكرێت و ڕووەو تەواوكاریی لە ڕەفتار و تێگەیشتندا كاردەكات[٢]. بە هەمان شێوە بەڵگەهێنانەوەش پڕۆسەیەكی نێوانخودیی لە جڤات دانەبڕاوە، بۆیە ئامرازێكی گونجاوە بۆ دامەزراندنی كۆمەڵگایەكی نوێ لەم سەردەمەدا كە بەهۆی پاشەكشەكردنی ڕۆڵی داب و نەریتەكان هەڕەشە و مەترسی لەسەر ڕایەڵەی پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان دروستبووە[٣]، بەو پێیەی بەڵگە[*] پشت بە پرەنسیپی ئەخلاقی دەبەستێت و بە ڕێسای عەقڵانی كاردەكات. لەگەڵ ئەوەشدا كاتێک كە جیاوازی دروست دەبێت ئەوا هەوڵی ڕەزامەندی یاخود ڕەخنەلێگرتنی دەدەن لە ڕێگای بەڵگەی پێشكەشكراوەوە لەمیانەی پەیوەندیكارییەوە[٤]. هەرچەندە لێرەدا دەبێت لێكتێگەیشتن لە ئارادا بێت، لەبەرئەوەی لێكتێگەیشتن بریتییە لە پڕۆسەی متمانە و بڕوای ئاڵوگۆڕكراو و هەماهەنگی كردە فرەلایەنەكانی بەشداران، ئەمەش لەپێناوی ئەوەدایە بگەن بە كۆدەنگی و ڕێككەوتن[٥].

بەم جۆرە (هابرماس) پێی وایە گفتوگۆ و مشتومڕكردن لە پانتایی گشتیدا دەبێت پشت بە گوتاری بەڵگەیی ببەستێت تاكو ڕۆشنكەرەوەی گەیشتن بە حەقیقەت بێت، ئەمەش بە لوتكەی دەركەوتنی عەقڵانییەت دادەنرێت، ئەوەی (هابرماس) ئامانجێتی لە پانتایی گشتیدا جێبایەخی تاكەكان بێت.

لە كۆتاییدا ماوەتەوە بڵێین هەرچەندە گوتار پشتبەستوویێت بە بەڵگە، بەڵام هاوكات ئەگەر هەوڵی پەیبردن بە ڕەهەند و قوڵایی واتاكانی نەدرێت ئەوا دەرگا لەبەردەم ئەگەری ناكۆكی و بەهەڵە تێگەیشتن و تەفرەداندا هەمیشە بە واڵایی دەمێنێتەوە، ئەمەش وادەكات (هابرماس) بەمەبەستی چارەسەركردن بانگەشەی زانستی هێرمۆنیتیک و ڕاڤەكاریی بكات، كە لە لقی دواتری ئەم تەوەرەیەدا لە سۆنگەی باوەڕی (هابرماس) ەوە هەوڵی باسكردنی دەدەین.

---

(١) المصدر نفسه، ص٥٨.

(٢) د. محمد بكاي، أرخبيلات ما بعد الحداثة... رهانات الذات الإنسانية... من سطوة الإنغلاق إلى إقرار الإنعتاق، دار الرافدين و Opus Publishers، لبنان و كندا، ٢٠١٧، ص٢٨٢.

(٣) دكتۆر سالم یەفوت، "فەلسەفەی پێكەوەژیان لە لای هابرماس (٢-٢)"، وەرگێرانی: تاریق كارێزی، گوڵان میدیا، ٢٠١٢/١١/١٤، لەم بەستەرەی خوارەوەدا بەردەستە:

http://www.gulan-media.com/sorani/print.php?id=26539&section=9

(*) (هابرماس) جیاوازی لەنێوان شەرعییەتپێدان وبەڵگەهێنانەوەدا دەكات. شەرعییەتپێدان بەدیاریكراوی گرێدەداتەوە بە سیستەمی ئابورییەوە، بەڵام بەڵگەهێنانەوە ئەو پرەنسیپە ئەخلاقیانە لەخۆدەگرێت كە لە ڕێسا و نەریتە مرۆییەكانەوە هەڵدەقوڵێن. بڕوانە: (محمد الأشهب، "دور الفلسفة في براديغم التواصل لدى يورغن هابرماس"، مجلة لوغوس، دار كنوز، العدد الأول، الجزائر، ٢٠١٢، ص٨٩.).

(٤) وفاء شعبان، "أخلاقيات المناقشة عند هابرماس من منظور الطبيعة الإنسانية"، مجلة المحجة، معهد المعارف الحكمية للدراسات الدينية و الفلسفية، العدد السابع و العشرون، لبنان، ٢٠١٣، ص ص١٧٠،١٧١.

(٥) د. محمد بكاي، المصدر السابق، ص٢٨٣.

**لقی دووەم: هێرمۆنیتیک[*]... گەڕان لە مانای شاراوە:**

هەر کردەیەک کە لە پانتایی گشتیدا ئەنجام دەدرێت پێویستی بە لێکتێگەیشتن و پەیبردن بە پاڵنەر و ئەنگێزەکانی پشت ئەو کردەیە هەیە، بەڵام بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی دروست تێبگەین پێویستە لە بێژنگی عەقڵی بدەین، ئەمەش ڕووندادات تەنها بە ڕێگای ئەو زانستەوە نەبێت کە بە هێرمۆنیتیکا ناسراوە و (هابرماس) بایەخێکی زۆری پێداوە بەمەبەستی شیتەڵکردنی واتا و دەلالەتەکانی پشت ئەو گوتە و کردە و چالاکییانەوە کە لەمیانەی پرۆسەی پەیوەندیکاریدا ئەنجام دەدرێن.

بە باوەڕی (هابرماس) لێکۆڵینەوەی هێرمۆنیتیکی بەمەبەستی درک کردنە بە واقیع و ڕاستێتی لەناو ئەو بەرژەوەندییە ئاڕاستەکراوەی کە پارێزگاری لە بەشداریکردن لەنێوان خودەکاندا دەکات و پانتایی ئەو تێگەیشتنە گونجاوە بەرفراوان دەکاتەوە کە ڕەفتارەکان ئاڕاستە دەکات. بەم پێیە تێگەیشتن لە واتا ئاڕاستەکەری هاوشێوەیە بۆ ئەو بونیادەی کە بەرەو کۆدەنگی گونجاو دەڕوات لەنێوان کاراکتەرەکاندا لە چوارچێوەی تێگەیشتنی خودیی بۆماوەیی و میراتی و کەلەپوریدا، لەم ڕێیەوە بەرژەوەندی مەعریفی کرداریی بەدەستدێت کە جیاوازە لە مەعریفەی تەکنیکی[1].

لە ڕوانگەی (هابرماس) ەوە ئامانجی تێگەیشتنی ڕاڤەیی چوارچێوەیەکی دەلالی گواستراوەیە لەمیانەی میرات یاخود کەلەپورەوە، ئەمەش جیایدەکاتەوە لە تێگەیشتنی زانستی بۆ ئەو واتایەی کە مەرجە گریمانەیەکی تیۆریی بێت، بەڵام پێویستە هەموو ئەو پرسانە دیاریبکەین کە دەکرێت گوزارشتیان لێبکرێت بە زمانێکی ڕووپۆشکراو بە شێوازێکی وێنەیی و پەیوەندیدارن بە دەسکەوتی ئەنجامەوە یاخود بە ناوەڕۆکێکی ئەزمونیەوە پێشنیار دەکرێن. لەگەڵ ئەوەشدا (هابرماس) وایدەبینێت کە پرسە تیۆرییەکان ڕەگەزێکی زمانی بێگەرد و بێخەوشن، بەڵام گوتراوە ڕەنگرێژکراوەکان پاکبوونەتەوە لە هەموو ئەو ڕەگەزانەی کە بۆ پەیوەندییە ڕەمزییەکان ناگەڕێنەوە[2].

---

(*) چەمکی هێرمۆنیتیک بە واتای هونەری شیکردنەوەی دەقەکان یاخود گەڕان لە تێگەیشتن لە دەقەکان دێت لە زمان و ئایین و ڕەخنەی ئەدەبیدا، بەڵام چەمکەکە لە زاراوەیەکی یۆنانییەوە وەرگیراوە (Hermeneus, Hermenuein) کە بە واتاکانی (شیکردنەوە، گوزارشت، ڕاگەیاندن، وەرگێڕان) دێت، ئەم چەمکەش لەم وشەیەوە داتاشراوە (Hermes) کە بریتییە لە پەیامبەری خودا لە ئەفسانە یۆنانییەکاندا، کە بەخوای وشەش بەناوکراوە. هەروەها لای میسرییە کۆنەکان بریتی بووە لە خوای دادپەروەری و چالاکی (تحوت یان توت). کەواتە ئەم چەمکە لە شارستانییەتە کۆنەکاندا سیفەتی وشەیەکی لێڵ و نارووني هەبووە، هەرچەندە لە شیکردنەوەی گەردووندا بەکارهاتووە، لەگەڵ ئەوەشدا بۆ شیکردنەوەی دەقە ئەفسانەییەکان و ئەو کارە داهێنراوانە بەکارهێنراوە کە وەرگێڕدراون بۆ سروشتە ئاسمانی و خواییەکەی. بڕوانە: (د. منى طلبة، "الهيرمينوطيقا... المصطلح و المفهوم"، مجلة أوراق فلسفية، رئيس التحرير: أحمد عبدالحليم عطية، جامعة القاهرة، العدد ١٠، مصر، ٢٠٠٤، ص١٢٦).

(١) يورغن هابرماس، العـلـم و التقـنية كـ "إيديولوجـيا"، ترجمة: حسن صقر، منشورات الجمل، ألمانيا، ٢٠٠٣، ص ص١٤٨،١٤٩.

(٢) محمـد نورالدين أفاية، المصدر السابق، ص ص٧٣،٧٤.

له بابەتی هێرمۆنیتیکدا (هابرماس) دەکەوێتە ناو گفتوگۆوە لەگەڵ (گادامێر) دا. بەجۆرێک لە هەندێک خاڵدا لەگەڵیدا کۆکە وەک ڕەخنەی بابەتگەرایی و پۆزەتیڤیزم[*]. لە هەندێکی دیکەشیاندا لەگەڵیدا ناکۆکە وەک زمان و کەلەپور و پێشداوەری[١].

(هابرماس) بۆ دەستنیشانکردنی گرفتی فەلسەفەی هێرمۆنیتیک دەڵێت پێویستە جیاوازی لەنێوان تێگەیشتن لەمیانەی زمانەوە لەگەڵ ڕزگاربوون لە زمان بکرێت، ئەمەش بەو پێیەی زمان ناوەند و سەکۆیەکە بۆ زاڵبوون و هەژموونی کۆمەڵایەتی، لەبەرئەوەی سەرکوتکردن و زاڵبوون لەمیانەی زمانەوە دێت نەک لە دەرئەنجامی پەیوەندی سەرکوتکردن و زاڵبوون بە دەسەڵاتەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە زمان هەوڵـدەدات بۆ شەرعیەتدان بە پەیوەندی دەسەڵاتی زاڵ بە کۆمەڵگاوە[٢]. لەلایەکی دیکەوە (هابرماس) لەوەدا لەگەڵ (گادامێر) دا کۆک و هاوڕایە کە یاریکردن بە ڕاڤەکردن و لێکدانەوە بە واتای یاریکردن دێت بە زمان، جگە لەوەی کە یاریکردن بە زمان لای (هابرماس) بە واتای پەیرەوکردنی هەژموون و توندوتیژی و بەلاڕێدابردنیش دێت[٣]. لەم سۆنگەیەوە (هابرماس) پێی وایە زمانی ئاسایی توانای ڕاڤەکردنی خودی خۆی هەیە لە ڕێگای زمان خۆیەوە، بۆیە ئەرکی هێرمۆنیتیک بریتییە لە لێکهەڵوەشاندنەوەی ڕەمزەکانی ئەو ڕاڤەکردنە خودییە کە هەر زمان پێی هەڵدەستێت[٤].

لەکاتێکدا بە بۆچوونی (گادامێر) هێرمۆنیتیک ملکەچە بۆ دەسەڵاتی کەلەپور و دادگاییکردنی کەلەپور بە دادگای عەقڵ ڕەتدەکاتەوە، بەڵام (هابرماس) پێی وایە کەلەپور دەبێت ملکەچی ڕەخنە و پرسە عەقڵانیەکان بێت، بەو پێیەی عەقڵ بنەمای هەموو شەرعیەت و دەسەڵاتێکە، ئەمەش لەپێناوی ئازادبوون یاخود ڕەهابوون لە هەر گرێیەکی کەلەپور بەتایبەت ئەگەر هاتوو کەلەپورێکی چەوسێنەر و ستەمکار بوو[٥].

لەسەرێکی دیکەوە (هابرماس) پێی وایە ئەو ڕوانگەیەی وایدەبینێت کە داوەریکردنی پێشوەختە کۆڵەگەیەکی بنەڕەتییە لە تێگەیشتندا ئەوا ڕوانگەیەکی چەوت و هەڵەیە، لەبەرئەوەی ئەو داوەریکردنانە زۆربەی کات کۆتوبەند لەبەردەم عەقڵدا دروست دەکەن، بۆیە نابێت تەنانەت بەناوی

---

(*) (هابرماس) لە پرسی ڕەخنە لە وەهمی بابەتگەراییدا پێی وایە پەیوەندییەکی واقیعی لەنێوان خود و بابەتدا هەیە، بەو پێیەی مرۆڤ بە هەست و بابەتە ئیدراکییەکان بیر دەکاتەوە. هەروەها ڕەخنە لە پۆزەتیڤیزمیش دەگرێت لەو ڕووەوەی وەک بتێکی نوێ و ئایینێکی پێشکەوتوو تەماشای زانست و تەکنۆلۆژیا دەکات، وێرای ئەوەی بەربەستێکی گەورەشە لەبەردەم بەرهەمهێنانی حەقیقەتدا، ئەمەش لەبەرئەوەی ملکەچی زەرورەتی میکانیزمە میتۆدۆلۆژییەکانە لەپێناوی لێکۆڵینەوەی ڕەفتارە ڕاڤەیی و ئەزموونییەکاندا.

(١) ياسين باهي، التأويل و الفلسفة التواصل، عالم الكتب الحديث للنشر و التوزيع، الأردن، ٢٠١٦، ص٧٣.

(٢) المصدر نفسه، ص٧٩.

(٣) د. عادل مصطفى، المصدر السابق، ص٤١٣.

(٤) محمـد نورالدين أفاية، المصدر السابق، ص٧٥.

(٥) ياسين باهي، المصدر السابق، ص ص٨٠،٨١.

عەقڵ و لێهزرینیشەوە دەسبەرداری ڕەخنەگرتن بین[1]. لەم سۆنگەیەوەیە کە (هابرماس) دەڵێت ئەگەر توێژەری دەروونی بوێری بدات بە نەخۆشەکان تاکو بە زمانی قسەکردن لە ڕێگای یادەوەری و ئەنگێزە نەستیەکانیانەوە چارەسەری نەخۆشیەکانیان وەربگرن، ئەوا پێویستە لەسەر هێرمۆنیتیکی ڕەخنەیی کە بوێری بدات بە مرۆڤ تاکو بە زمانی گوتار ڕووبەڕووی سەرکوتکردن و ساختەکاری و هەموو ئەو شتانە ببێتەوە کە مەعریفە لەخۆیدەگرێت[2]. ئەمەش لەو ڕوانگەیەوە سەرچاوە دەگرێت کە هێرمۆنیتیکی ڕەخنەیی (هابرماس) تێکەڵەیەکی کارایە لە تیۆریی و پراکتیک، لەگەڵ ئەوەشدا بەرنامە کاراکەی بۆ ئامانجی دڕایەتیکردنی کاریگەرییەکانی سەرکوتکردنە بەمەبەستی بونیادنانەوەی کۆمەڵایەتی مەعریفە[3].

(هابرماس) بەمەبەستی ڕوونکردنەوەی زیاتری ماناکان، جیاکاری لەنێوان شێوازەکانی پەیوەندیکردن لەگەڵ کردەکانی پەیڤیندا دەکات. بەجۆرێک شێوازەکانی پەیوەندیکردن دابەش دەکات بەسەر شێوازی مەعریفی و گوزارشتی و کارلێکیدا. پێی وایە هەر شێوازێک هەماهەنگە لەگەڵ شێوەیەکی دیاریکراو لە کردەکانی پەیڤیندا، بەو جۆرەی شێوازی مەعریفە هەماهەنگە لەگەڵ کردەی پیاهەڵدان و وەسفکاریدا، شێوازی کارلێکی هەماهەنگە لەگەڵ کردەی ڕێکخراودا، شێوازی گوزارشتی هەماهەنگە لەگەڵ کردەی دانپێداناندا. لەگەڵ ئەوەشدا هەموو شێوەیەک لە شێوەکان ئاراستەی تەوەرەیەک دەکرێن: کردەی پیاهەڵدان و وەسفکاری ئاڕاستەی خواستی دۆزگەریی دەکرێت، کردەی ڕێکخراو ئاڕاستەی پەیوەندییە نێوانخودییەکان(*) دەکرێت، کردەی دانپێدانان ئاراستەی واتای قسەکەر و مەبەستە خودییەکان دەکرێت[4]. (هابرماس) هەر بەمەوە ڕاناوەستێت بەڵکو بۆ تێگەیشتنی زیاتر لە مانای شاراوە تیشک دەخاتە سەر ئەوەی کە کردەکانی پەیڤین یاخود ئاخاوتن بونیادێک پێشکەش دەکەن سێ ڕەگەز لەخۆدەگرێت:[5]

١. ڕەگەزێکی ڕستەیی کە ڕۆڵی وێناکردن و باسکردنی خەسڵەت و دۆخی شتەکانە.
٢. ڕەگەزێک کە کردەی گوتنە و ئەرکی ڕێککەوتنی پەیوەندییە لەنێوان تاکەکاندا، واتا ڕۆڵی

(١) د. عادل مصطفی، المصدر السابق، ص٤١١.
(٢) المصدر نفسه، ص٤١٤.
(٣) المصدر نفسه، ص٤١٠.

(*) نێوانخودیی (البيناذاتية، Intersubjective) بە واتای هاوبەشی و پشکداری دێت لەنێوان خودەکاندا لەپێناوی بەدەستهێنانی جۆرێک لە ڕێککەوتن و کۆدەنگی، ئەمەش پێچەوانەیە لەگەڵ "فەلسەفەی خود" دا کە حەقیقەتەکان تێیدا ناوەند و سەنتەر دەگرن. (هابرماس) هەوڵیداوە نێوانخودیی بکاتە دەرچەیەک بۆ ڕزگاربوون لە سەنتەریزمی خود لە دروستکردنی حەقیقەتەکاندا، بەجۆرێک وابکات کە بابەتیبوون لەمیانەی هاوبەشی و پشکدارییەوە لە گفتوگۆدا لەنێوان خودەکاندا جێگەی خود سەنتەریزم بگرێتەوە. بڕوانە: (د. علي عبود المحمـداوي، الإشكالية السياسية للحداثة: من فلسفة الذات إلى فلسفة التواصل، المصدر السابق، ص٤٣).

(٤) مصطفى الحداد، "من الإجماع إلى المفارقة أو رانسيير ضد هابرماس"، مجموعة مؤلفين، الماركسية الغربية و ما بعدها: التأسيس و الإنعطاف و الإستعادة، المصدر السابق، ص ص٢٨٩،٢٩٠.
(٥) یورگن هابرماس، گوتاری فەلسەفی مۆدێرنە، وەرگێڕانی: هاوژین مەلا ئەمین، نیوەندی ڕۆشنگەری بۆ لێکۆڵینەوەی فکری و فەلسەفی، چاپخانەی شڤان، سلێمانی/هەرێمی کوردستان/عێراق، ٢٠١٠، ل٤٥٢.

دروستکردنی پەیوەندیکارییە.

٣. ڕەگەزێکی زمانەوانی کە گوزارشت لە نیاز و مەبەستی قسەکەر دەکات.

(هابرماس) بەمەبەستی فراوانکردنی پرۆژەکەی کە بایەخدانێتی بە پانتایی گشتی سەرنج لەسەر ڕەگەزی دووەم چڕەدەکاتەوە کە بریتییە لە پەیوەندی نێوان خودەکان لەمیانەی پرۆسەیەکی پەیوەندیکارییەوە، کە بە عەقڵانیترین کردە ناوزەندی دەکات لەنێوان تاکەکاندا - لە لقی دواتری ئەم تەوەرەیەماندا زیاتر ڕوونیدەکەینەوە – بەم جۆرە ئەرکی هێرمۆنیتیکا تێگەیشتنە لە واتا و دەلالەتەکانی هەر ئاماژە و کردە و جوڵە و گوتە و گوتارێک لەنێوان تاکەکاندا لە پانتایی گشتیدا کە هەوێنی لێکتێگەیشتن و قبوڵکردنی یەکدییە و پەلدەکێشێت بۆ بونیادنانی کردەی پەیوەندیکاریی نێوانخودی عەقڵانییانە.

**لقی سێیەم: کردەی پەیوەندیکاریی... بەرەو عەقڵانییەتی بەیەکگەیشتن:**

زاراوەی کردەی پەیوەندیکاریی لای (هابرماس) مانای ئەگەرێکی کراوەی هەیە زیاتر لەوەی مانای ئەمری واقیع بگەیەنێت. بە واتایەکی تر (هابرماس) گریمانەی هەبوونی دەکات، بەڵام دڵنیایی نادات کە بەشێوەیەکی بەردەوام و نەپساو لەسەر زەمینی واقیع بەرجەستە ببێت[(١)]. هەرچەندە ئەم پەیوەندیکارییە کورت نابێتەوە بۆ شێوەیەک لە ئەخلاقیاتی میتافیزیکی کە هەرگیز نەتوانرێت جێبەجێبکرێت[(٢)]، چونکە (هابرماس) مەبەستی ئەوە بوو تیۆریی ڕەخنەیی لەو تەنگژەیە ڕزگار بکات کە لە سایەی هاوپەیمانێتی نێوان دەوڵەتی مۆدێرن و عەقڵی زانستیدا دروستبووە و توانای کەنارگیرکردنی هەموو گۆڕانکارییەکی هەیە و هەموو پرۆژەیەکی ڕەخنەیی هاوتەریب دەکات لەگەڵ دەسەڵاتی تەکنۆلۆژیادا. ئەمەشی لە ڕێگای وەرچەرخانەوە لە تیۆری هۆشیارییەوە بەرەو تیۆری پەیوەندیکاریی ئەنجامدا، تاکو ڕەخنە لە چالاکییەکی فیکری و پەتییەوە بۆ چالاکییەکی مێژوویی بگوازێتەوە، لەو ڕێگایەی کە تێزە فەلسەفییە ڕەخنەییەکان موتوربە بکرێن بە بەرهەمی زانستە مرۆییەکان. بەو واتایەی عەقڵی ڕەخنەیی ببێتە عەقڵێکی پەیوەندیکار[(٣)].

(هابرماس) دژی هەر تێزێکی تیۆریی یاخود زانستییە کە ببێتە هۆی پچڕاندنی پردەکانی پەیوەندی نێوان مرۆڤە زانستخواز و مرۆڤە ئاساییەکان، یاخود ببێتە هۆی لێکتێنەگەیشتن لەنێوان ئەو کەسانەی پەنا بۆ زانست و پێشکەوتن دەبەن لە بەڵگاندنا لەگەڵ ئەو کەسانەی بڕوایان بە یۆتۆپیا و ڕەسەنایەتی هەیە لە ژیاندا، چونکە ئەگەر عەقڵی زانستی عەقڵێکی ئازادیخواز نەبێت و بڕوای بەوە نەبێت کە بایەخی هەر چالاکییەک بەندە بە ئەگەرەکانی فراوانکردنی ڕووبەرەکانی ئازادی و پەیوەندیکاریی، ئەوا لە عەقڵێکی بێلایەنەوە دەبێتە ئایدۆلۆژیایەکی پیرۆز کە مرۆڤ لە ئاستیدا

---

(١) هاشم صالح، ئارکیۆلۆژیای زانستە مرۆڤایەتییەکان، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٦.

(٢) ستيفن إريك برونر، النظرية النقدية، مؤسسة هنداوي للتعليم و الثقافة، القاهرة، ٢٠١٦، ص١٠٠.

(٣) شاهۆ سەعید، هابرماس و بیرۆکەی پۆست سێکیولاریزم، کۆمەڵێک نوسەر، تیۆری کرداری پەیوەندیخواز، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی/هەرێمی کوردستان/عێراق، ٢٠١٧، ل٣٢.

هەست بە خۆبەکەمزانین دەکات و هەموو هەناسەیەکی ڕەخنەیی لەدەستدەدات[١].

(هابرماس) دەڵێت ڕاستە عەقڵی زانستی هەوڵیدا کۆنترۆڵی سروشت بکات، بەڵام سروشت و مرۆڤی خستە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. لەم پێناوەدا پێشنیار دەکات لەبری ئەوەی مرۆڤ بیر لەوە بکاتەوە سروشت بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، باشتر وایە بیر لە هاوڕێیەتی سروشت بکاتەوە، ئەمەش بە واتای گواستنەوەی پرەنسیپی پەیوەندیکاریی دێت لەنێوان مرۆڤ و مرۆڤ بۆ نێوان مرۆڤ و سروشت[٢]. بۆ ئەمەش عەقڵانییەتی پەیوەندیکار دەخاتە ڕوو کە پێوەرەکانی دروستی بەپێی ئیعتیباری ڕێکاری سەلماندن دەسنیشاندەکات، کە مەبەستی ڕێزگرتنی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی عەودالبوونی ئەو حەقیقەتەیە کە لەسەر بڕیار و وردی پێوەر و ڕاستگۆیی خودیی و توندوتۆڵی ئیستاتیکی ڕاوەستاوە[٣].

لێرەوە بە چوونەناو تیۆری کردەی پەیوەندیکارییەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە (هابرماس) هەردوو چەمکی ژین جیهان و سیستەم لە بەرامبەر یەکتردا دادەنێت، پێی وایە ژین جیهان پانتایی پەیوەندی و سیمبولیک و بونیادی پێوەری و جیهانی مانا و کردەی تێگەیشتن و کۆدەنگی و ڕێککەوتن و پەیوەندی زەینییە. لە بەرامبەردا توخمە سەرەکییەکانی سیستەم بریتین لە دەسەڵات و دراو[٤]. کردەی پەیوەندیکاریی لە ژین جیهاندا ئەو بیرۆکەیە تێدەپەڕێنێت کە پێی وایە گشت پێکهاتووە لە بەشەکان، بەڵکو ژین جیهان پێکهاتووە لە تۆڕێک لە کردەی پەیوەندیکاریی کە لە پانتاییە کۆمەڵایەتییەکاندا درێژ دەبێتەوە و لەسەر سەرچاوەی نەریتە ڕۆشنبیرییەکان و سیستەمە یاساییەکان دەژێت و پشت بە ناسنامەی تاکەکان دەبەستێت، واتا پەیوەندییە ڕۆژانەییەکان گۆڕەپانی ژین جیهان پێکدێنن، ئەمەش بەو واتایە دێت کە هەموو بەشەکان لە گشتەکەوە پێکهاتوون کە ژین جیهانە[٥].

(هابرماس) کردەی عەقڵانی دابەش دەکات بەسەر دوو جۆردا: جۆری یەکەمیان کردەیەکی عەقڵانییە بە ئاڕاستەی سەرکەوتندا، ئەمەش دوو جۆر لە کردە لەخۆدەگرێت: کردەی ئامرازخوازی ناکۆمەڵایەتی وەک مۆدێلی عەقڵانییەتی تەکنیکی، لەگەڵ کردەی ستراتیژی کۆمەڵایەتی، ئەم جۆرەیان کردەیەکی پێشبڕکێکاری و نەخشەبۆداڕێژراوە، ئامانجی ئەوەیە کردەی لایەنەکانی دیکە سەرکوت بکات و سەرکەوێت بەسەریاندا، ئەمەش دابەش دەبێت بۆ: کردەی ستراتیژی ڕاشکاوانە، کە هەموو لایەنەکان زانیارییان لەسەر پرۆسەکە هەیە وەک پێشبڕکێکان، ڕێکارە یاساییەکان و... تاد. لەگەڵ کردەی ستراتیژی شاراوە و پەنهان، کە دوو جۆر لەخۆدەگرێت: کردەی هەڵخەڵەتاندنی هەستەکی، کە لایەنێک پێی هەڵدەستێت، لەگەڵ کردەی هەڵخەڵەتاندنی ناهەستەکی یاخود نەستی، وەک بەلاڕێدابردنی ئایدۆلۆژی، کە هیچ یەک لە لایەنەکان بە هەڵخەڵەتاندنەکە نازانن. جۆری دووەمیان

(١) هەمان سەرچاوە، ل٣٤.
(٢) سالم يفوت، المناحي الجديدة للفكر الفلسفي المعاصر، دار الطليعة، بيروت، ١٩٩٩، ص٩٨.
(٣) یورگن هابرماس، گوتاری فەلسەفی مۆدێرنە، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٥٥ل،٤٥٦.
(٤) د. حسین بەشیریە، "هابرماس... تێڕوانینی ڕەخنەیی و تیۆری پەرەسەندن"، کۆمەڵێک نوسەر، عەقڵ و ئازادی، وەرگێڕانی: ئیدریس شێخ شەرەفی، دەزگای وەرگێڕان، چاپخانەی منارە، هەولێر/هەرێمی کوردستان/عێراق، ٢٠٠٧، ل٥٩.
(٥) د. هشام عمر النور، تجاوز الماركسية إلى النظرية النقدية، رؤية للنشر و التوزيع، مصر، ٢٠١٢، ص١٩١.

بریتییە لە کردەی پەیوەندیکاریی، کە کردەیەکی عەقڵانییە بەمەبەستی تێگەیشتن لە حەقیقەت و[(١)]، ئامانجی تێگەیشتنە لە شتەکان. لێرەدا عەقڵانییەت دێتە ناو زمانەوە، بەهۆی ئەمەشەوە ئەخلاقی ڕێکاریی لەدایکدەبێت، کە مەبەست لێی گەیشتنە بە پێوەرە ئەخلاقییەکان لە ڕێگای گفتوگۆکردنەوە لەمیانەی لێکتێگەیشتنەوە، کە لە دەرئەنجامدا کۆمەڵگایەکی دیموکراتی ڕاستەقینە دێتە ئاراوە[(٢)].

بەمەبەستی جیاوازیکردن لەنێوان کردەی پەیوەندیکاریی لەگەڵ کردەکانی دیکەدا (هابرماس) پۆلێنبەندی بۆ چوار شێواز لە کردە دەکات:[(٣)]

١. کردەی ئامانجدار: لە پەیوەندی نێوان خود و بابەتدا بەرجەستە دەبێت و لەسەر پێوەری زانستی کاردەکات.

٢. کردەی ڕێکخراو و بەڕێسا: پەیوەندی نێوان خود و جیهانی کۆمەڵایەتی لەخۆدەگرێت، بەو جۆرەی جیهانی کۆمەڵایەتی خاوەندارێتی لە ڕێسایەک دەکات کە لە سایەیدا سروشتی پەیوەندی ناوخۆیی تاکەکان دیاریکراوە.

٣. کردەی نمایشی و درامی: لە پەیوەندی نێوان خود و جیهانی خودیدا دەردەکەوێت کە ئەزمونە خودییەکانی تاک گوزارشتی لێدەکات.

٤. کردەی پەیوەندیکار: ئەم شێوازە هەموو شێوازەکانی دیکە لەخۆیدا کۆدەکاتەوە، بەڵام پشت بە هێزی گوتاری بەڵگەیی دەبەستێت و توانای دروستکردنی ڕێککەوتن و یەکلاییکردنەوەی هەیە بێ زۆرەملێ و ناچارکردن.

لەگەڵ ئەوەشدا (هابرماس) سێ چەمک دیاریدەکات وەک پرەنسیپێکی گشتی بۆ کارلێککردنی ڕاستەقینە لەنێوان ئەندامانی کۆمەڵگادا:[(٤)]

١. عەقڵانییەتی پەیوەندیکاریی: ئەم عەقڵانییەتە لەناو زماندا خۆی حەشارداوە و گرێدراوەتەوە بە چوارچێوەی پەیوەندیکردن و بەیەکگەیشتنی ڕۆژانەی پەیوەست بە دروستی و ڕاستێتییەوە.

٢. توانای پەیوەندیکاریی: ئەمەش بەستراوەتەوە بە چوارچێوەی ئەو ڕێسا بنچینەییەی کە کەسە ژیر و هۆشمەندەکان لەمیانەی تێگەیشتن لە قسەکەرەوە پێی دەگەن و وادەکات کە لێکتێگەیشتنی ئاڵوگۆڕکراو لەنێوان خودە بەشدارەکانی گفتوگۆکەدا بەدیبێت.

٣. پەیوەندیکاریی شێواو: ئەم جۆرەیان بە واتای ناکارایی لە گەیشتن بە کۆدەنگی ئازاد و عەقڵانی دێت، ئەمەش دەرئەنجامی ئەوەیە پرۆسەی پەیوەندیکردن ملکەچی هەژموون و زاڵبوون و

(١) د. عادل مصطفى، المصدر السابق، ص ص٤١٦،٤١٧.

(٢) عەبدوڵا ئەلموتیری، "بەرەو هابرماس: فەیلەسوفی پێککەیشتن"، وەرگێڕانی: موحسین ئەدیب، گۆڤاری سەردەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ژمارە ٥٢، ساڵی نۆیەم، سلێمانی/هەرێمی کوردستان/عێراق، ٢٠٠٧، ل ل١١٩،١٢٠.

(٣) سمير جواق، "هابرماس يغدو مدافعاً عن الحداثة، أو الحداثة بوصفها مشروعاً غير مستنفد من النقد إلى إعادة البناء"، مجموعة من الأكاديميين، الحداثة و ما بعد الحداثة من عصر الميتافيزيقا و الكليات إلى عالم بلا مركزيات، إبن النديم للنشر و التوزيع و دار الروافد الثقافية - ناشرون، الجزائر/لبنان، ٢٠١٩، ص ص١٦٣،١٦٤.

(٤) عماد عبدالرزاق، "هابرماس فيلسوف التواصل"، مجلة يتفكرون، مؤسسة مؤمنون بلا حدود للدراسات و الأبحاث، العدد الثاني عشر، المملكة المغربية، ٢٠١٨، ص ص٤٠٨،٤٠٩.

دەسبەسەرداگرتنە، جا چ ئایدۆلۆژی بێت یان خودیی بێت، کە دەکرێت بە پەیوەندیکاریی ساختەش بەناوی بکەین چونکە بەشداران لە پەیوەندیکارییدا هەست بە شپرزەیی و شێواوی دەکەن.

لەکاتێکدا کردەی پەیوەندیکاریی دروست و بێگەرد ئەوەیە کە لەمیانەیدا دان بە ئەخلاقی گفتوگۆکردندا بنرێت و زمانێکی هاوبەش بەکاربهێنرێت بۆ بەیەکگەیشتن لەپێناوی بەها و پێوەرەکان یاخود چارەسەرکردنی ئەو ناکۆکیانەی دەربارەی بابەت و پرسەکان هەیە لە پانتایی گشتیدا، ئەمەش بەئامانجی دروستکردنی ڕایەکی گشتی کە کۆدەنگی لەسەر هەبێت بە ئیرادەیەکی ڕەخنەگرانە و بەهێزەوە. لە بەرامبەردا کردەی پەیوەندیکاریی شێواو و نەگونجاو هەیە کە ڕێککەوتن دەربارەی ئەخلاقی گفتوگۆکردن لە ئارادا نییە و ئەو زمانەی گفتوگۆی پێدەکرێت وەک ئامرازی پەیوەندیکاریی بەکارنایەت، بەڵکو بۆ هەژموون و یاریکردن بەکاردێت، وێڕای ئەوەی لەمیانەیدا پانتایی گشتی ملکەچی دەسەڵاتی سیاسی و ئابورییە، بۆیە کۆدەنگییەکی هەڵخەڵەتێنەر و ساختە بەرهەمدێت و ڕا و بۆچوونی پاڵپشت بۆ سیستەمی سیاسی دروست دەبێت و ئیرادەیەکی کۆتکراو دەخوڵقێت[1].

لە کۆتاییدا دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە (هابرماس) تەنها نەهاتووە باسی پانتایی گشتی کردبێت، بەڵکو لە ڕێگای خستنەڕووی تیۆری کردەی پەیوەندیکارییەوە هەوڵیداوە پانتایی گشتی لەو گەرد و خەوشانە پاک بکاتەوە کە بەهۆی بەرژەوەندی تەسک و ئامانجی گروپێکی دیاریکراو و بێدادی و ستەم و پەردەپۆشکردنی حەقیقەتەوە توشی بەلاڕێدابردن و تەفرەدان هاتووە، ئەمەش لەو بایەخەوە سەرچاوە دەگرێت کە (هابرماس) پانتایی گشتی وەک مەیدانێک دەبینێت بۆ کۆی گشتی جەماوەر و هاووڵاتیان لەڕووی سەربەخۆییەوە تاکو بەدوور بێت لە هەر جۆرە هەژموون و دەسەڵاتداری و دەستێوەردانێکی دامودەزگاکانی فەرمانڕەوایی و دەوڵەت چ بەشێوەی ڕاستەوخۆ یاخود ناڕاستەوخۆ لەپێناوی بونیادنانی پەیوەندییەکی نێوانخودیی تەندروست و عەقڵانیدا.

---

(١) د. علي عبود المحمداوي، الإشكالية السياسية للحداثة: من فلسفة الذات إلى فلسفة التواصل، المصدر السابق، ص٢٦٣.

## دەرئەنجام

لە کۆتاییدا دەکرێت گرنگترین دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە لەم خاڵانەی خوارەوەدا کورت بکەینەوە:

١. پانتایی گشتی لە سەدەی حەڤدەیەم و هەژدەیەمدا لە وڵاتانی ئەوروپادا لە ساڵۆنەکانی جوانکاری و یانە و قاوەخانەکانەوە بەدەرکەوت و پەرەیسەند، لە سەرەتادا لە چینی بۆرژوازی پێکدەهات، بۆیە (هابرماس) بە پانتایی گشتی بۆرژوازی ناویدەبرد، بەڵام دواتر چینەکانی دیکەی گرتەوە و بەرفراوانبووەوە، بە پێشکەوتنی مێژووش بوو بە پانتاییەک بۆ هەمووان.

٢. پانتایی گشتی بە واتای ئەوە نایەت دامەزراوەیەکی بەرجەستە و یاسایی و ڕێکخراو بێت، بەڵام پێویستی بە ڕەهەندی شوێن هەیە بۆئەوەی گوزارشت لەخۆی بکات، ئەو شوێنەش دەکرێت شوێنێکی بەرجەستە بێت وەک باخچە و پارک و قاوەخانە و کافتریا و چایخانە و گۆڕەپانە گشتییەکان، یاخود شوێنێکی مەجازی و گریمانکراو بێت وەک تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن.

٣. (هابرماس) پێی وایە پانتاییە گشتییەکان داگیرکراون و بۆ مەبەستی بانگەشەکردن و تەفرەدان بەکاردەهێنرێن لەلایەن هێز و گروپ و ڕێکخراو و دەزگا و دامەزراوەی هەمەجۆرەوە، ئەمەش وادەکات ئامادەیی عەقڵی ڕەخنەگریی و پرۆسەی بەعەقڵانیکردن پێویستییەکی گرنگ بێت بۆ ڕزگارکردنی پانتایی گشتی.

٤. (هابرماس) پێی وایە گەیشتن بە عەقڵانییەت لە ڕێگای گفتوگۆکردنەوە بەدیدێت، گفتوگۆیەک دەرفەت بە هەموو هاووڵاتیان بدات بەشداری بکەن، بەبێ زۆرلێکردن و ناچارکردن و بەشێوەیەکی ئازادانە، بەڵام دەبێت پشت بە خستنەڕووی بەڵگە ببەستێت، تاکو لەمیانەیەدا حەقیقەت دەربکەوێت.

٥. حەقیقەتیش کاتێک دەردەکەوێت کە درک بە واتا و مەبەستەکان بکرێت، کە بە باوەڕی (هابرماس) تەنها زانستی هێرمۆنیتیکا دەتوانێت یارمەتی شیتەڵکردن و تێگەیشتن لە واتا و دەلالەتەکان بدات، هێرمۆنیتیکایەک کە پێشداوەری و کەلەپور ڕەتبکاتەوە و تێکەڵەیەک لە تیۆریی و پراکتیک پێشبخات و پشتگیری کردەی نێوانخودیی بکات.

٦. (هابرماس) بەمەبەستی عەقڵانیکردنی تاکەکان پێشنیاری تیۆریی کردەی پەیوەندیکاریی دەکات، هەرچەندە بەدیهاتنی کردەی پەیوەندیکاریی وەک ئەگەر و ئایدیاڵێک دەبینرێت، بەڵام شیمانەی جێبەجێبوونی قورس نییە ئەگەر هەوڵی پیادەکردن و سەرووەرکردنی بنەماکانی بدرێت، چونکە باڵاترین پرۆسەی عەقڵانی مرۆییە و لەمیانەیدا بێ ئەوەی ڕێگا لە جیاوازی و ململانێ بگیرێت کۆدەنگی و ڕێککەوتن بەرهەمدێت.

# لیستی سەرچاوەکان


**یەکەم/ سەرچاوە کوردییەکان:**

**أ. کتێبە کوردییەکان:**

١. کۆمەڵێک نوسەر، تیۆری کرداری پەیوەندیخواز، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی/هەرێمی کوردستان/عێراق، ٢٠١٧.

٢. کۆمەڵێک نوسەر، ئاشنابوون بە یۆرگن هابرماس، دەزگای ئایدیا بۆ فکر و لێکۆڵینەوە، چاپخانەی کارۆ، هەرێمی کوردستان/عێراق، بەبێ ساڵی چاپ.

٣. مسعود عبدالخالق، مەوسوعەی جودی بۆ چەمک و زاراوەکانی سەردەم، نوسینگەی تەفسیر بۆ بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندن، هەولێر/هەرێمی کوردستان/عێراق، ٢٠٠٨.

٤. مەریوان وریا قانیع، کۆمەڵگا و غەریبەکانی، ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەری ئەندێشە، چاپخانەی ئەندێشە، سلێمانی/هەرێمی کوردستان/عێراق، ٢٠١٨.

٥. - - - - - - -، دەسەڵات و جیاوازی، ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەری ئەندێشە، چاپخانەی تاران، ئێران، چاپی سێیەم، ٢٠١٣.

**ب. کتێبە بەکوردیکراوەکان:**

٦. پیتەر کیڤیستۆ، هزرە سەرەکییەکانی کۆمەڵناسی، وەرگێڕانی: هەورامان فەریق، دەزگای ئایدیا بۆ فکر و لێکۆڵینەوە، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی/هەرێمی کوردستان/عێراق، ٢٠١٧.

٧. د. حسەین بەشیریە، مارکسیزمی فەلسەفی ڕۆژئاوایی، وەرگێڕانی: مەنسور تەیفوری، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، هەرێمی کوردستان/عێراق، چاپی دووەم، ٢٠٠٩.

٨. د. کەمال پوڵادی، مێژووی ئەندێشەی سیاسی لە ڕۆژئاوا: سەدەی بیستەم، وەرگێڕانی: مەهدی خوندل، بەرگی سێیەم، دەزگای وەرگێڕان، چاپخانەی منارە، هەولێر/هەرێمی کوردستان/عێراق، ٢٠٠٧.

٩. فلیمینگ جویل، سۆرین ماتیسین، پیتەر ڤیدیل، قوتابخانەی فرانکفۆرت: فەلسەفە وەک تیۆرییەکی ڕەخنەیی، وەرگێڕانی لە سویدییەوە: عوسمان حەمەڕەشید گورون، ناوەندی توێژینەوەی مێژوویی جەمیل ڕۆژبەیانی، چاپخانەی پەنجەرە، سلێمانی/هەرێمی کوردستان/عێراق، چاپی دووەم، ٢٠١٦.

١٠. کۆمەڵێک نوسەر، عەقڵ و ئازادی، وەرگێڕانی: ئیدریس شێخ شەرەفی، دەزگای وەرگێڕان، چاپخانەی منارە، هەولێر/هەرێمی کوردستان/عێراق، ٢٠٠٧.

١١. یورگن هابرماس، گوتاری فەلسەفی مۆدێرنە، وەرگێڕانی: هاوژین مەلا ئەمین، نێوەندی ڕۆشنگەری بۆ لێکۆڵینەوەی فکری و فەلسەفی، چاپخانەی شڤان، سلێمانی/هەرێمی کوردستان/عێراق، ٢٠١٠.

**ج. گۆڤاره كوردييه‌كان:**

١٢. گۆڤاری سه‌رده‌م، ده‌زگای چاپ و په‌خشی سه‌رده‌م، ژماره ٥٢، ساڵی نۆیه‌م، سلێمانی/هه‌رێمی كوردستان/عێراق، ٢٠٠٧.

**د. سه‌رچاوه ئه‌لكترۆنییه كوردییه‌كان:**

١٣. دكتۆر سالم یه‌فوت، "فه‌لسه‌فه‌ی پێكه‌وه‌ڕۆ له لای هابرماس (٢-٢)"، وه‌رگێڕانی: تاریق كارێزی، گوڵان میدیا، ٢٠١٢/١١/١٤، له‌م به‌سته‌ره‌ی خواره‌وه‌دا به‌رده‌سته:
http://www.gulan-media.com/sorani/print.php?id=26539&section=9

**دووه‌م/ سه‌رچاوه عه‌ره‌بییه‌كان:**

**أ. كتێبه عه‌ره‌بییه‌كان:**

١٤. أبو النور حمدي أبو النور حسن، یورجین هابرماس: الأخلاق و التواصل، التنویر للطباعة و النشر و التوزیع، لبنان، ٢٠١٢.

١٥. جورج طرابیشي، معجم الفلاسفة، دار الطلیعة للطباعة و النشر، بیروت/لبنان، الطبعة الثالثة، ٢٠٠٦.

١٦. د. الزواوي بغورة، الفلسفة اللغة... نقد المنعطف اللغوي في الفلسفة المعاصرة، دار الطلیعة، بیروت، ٢٠٠٥.

١٧. د. علي عبود المحمداوي، الإشكالیة السیاسیة للحداثة: من فلسفة الذات إلى فلسفة التواصل، دار ومكتبة عدنان و كلیمة للنشر و التوزیع و منشورات ضفاف، بغداد و تونس و بیروت، ٢٠١٥.

١٨. د. محمد بكاي، أرخبیلات ما بعد الحداثة... رهانات الذات الإنسانیة... من سطوة الإنغلاق إلى إقرار الإنعتاق، دار الرافدین و Opus Publishers، لبنان و كندا، ٢٠١٧.

١٩. د. هشام عمر النور، تجاوز الماركسیة إلى النظریة النقدیة، رؤیة للنشر و التوزیع، مصر، ٢٠١٢.

٢٠. سالم یفوت، المناحي الجدیدة للفكر الفلسفي المعاصر، دار الطلیعة، بیروت، ١٩٩٩.

٢١. ستیفن إریك برونر، النظریة النقدیة، مؤسسة هنداوي للتعلیم و الثقافة، القاهرة، ٢٠١٦.

٢٢. عطیات أبو السعود، الحصاد الفلسفي للقرن العشرین و بحوث الفلسفیة أخرى، دار الكتب و الوثائق القومیة، شركة الجلال للطباعة، الإسكندریة/مصر، ٢٠٠٢.

٢٣. مجموعة من الأكادیمیین، الحداثة و ما بعد الحداثة من عصر المیتافیزیقا و الكلیات إلى عالم بلا مركزیات، إبن الندیم للنشر و التوزیع و دار الروافد الثقافیة - ناشرون، الجزائر/لبنان، ٢٠١٩.

٢٤. مجموعة مؤلفین، الماركسیة الغربیة و ما بعدها: التأسیس و الإنعطاف و الإستعادة، دار و مكتبة عدنان و منشورات الإختلاف و منشورات ضفاف، بغداد و الجزائر و بیروت، ٢٠١٤.

٢٥. محمد نورالدین أفایة، الحداثة و التواصل في الفلسفة النقدیة النعاصرة: نموذج هابرماس، أفریقیا الشرق، بیروت، الطبعة الثانیة، ١٩٩٨.

٢٦. مصطفى إنشاءالله، المجتمع المدني: حدود المفهوم عند یورغن هابرماس، منتدى المعارف، بیروت،

.٢٠١٧
٢٧. ياسين باهي، التأويل و الفلسفة التواصل، عالم الكتب الحديث للنشر و التوزيع، الأردن، ٢٠١٦.

**ب. كتێبە بەعەرەبییکراوەکان:**

٢٨. آلن هاو، النظرية النقدية: مدرسة فرانكفورت، ترجمة: ثائر ديب، المركز القومي للترجمة، القاهرة، دار العين للنشر، ٢٠١٠.
٢٩. باتريك شارودو، الحجاج بين النظرية و الأسلوب، ترجمة: أحمد الودرني، دار الكتاب الجديد المتحدة، بيروت، ٢٠٠٩.
٣٠. جيمس جوردن فينليسون، يورجن هابرماس: مقدمة قصيرة جداً، ترجمة: أحمد محمد الروبي، مؤسسة هنداوي للتعليم و الثقافة، القاهرة، ٢٠١٥.
٣١. ريتشارد رورتي، هابرماس، ليوطار و ما بعد الحداثة، ترجمة: محمد جديدي، مؤسسة مؤمنون بلا حدود للدراسات و الأبحاث، الرباط/المملكة المغربية، ١٥ أكتوبر ٢٠١٦.
٣٢. مانويل ماريا كاريلو، خطابات الحداثة، ترجمة: إدريس كثير و عزالدين الخطابي، دار ما بعد الحداثة، فاس/المغرب، ٢٠٠١.
٣٣. يورغن هابرماس، الدين و العقلانية: نصوص و سياقات، ترجمة: حسن صقر، دار الحوار للنشر و التوزيع، سوريا، ٢٠١٦.
٣٤. - - - - - - - - -، مستقبل الطبيعة الإنسانية نحو نسالة ليبرالية، ترجمة: د. جورج كتورة، المكتبة الشرقية، لبنان، ٢٠٠٦.
٣٥. - - - - - - - - -، العلم و التقنية كـ "إيديولوجيا"، ترجمة: حسن صقر، منشورات الجمل، ألمانيا، ٢٠٠٣.

**ج. گۆڤارە عەرەبییەکان:**

٣٦. مجلة إضافات، جمعية العربية لعلم الإجتماع بتعاون مع مركز دراسات الوحدة العربية، العدد الخامس عشر، الجزائر، صيف٢٠١١.
٣٧. مجلة الدراسات الإعلامية، المركز الديمقراطي العربي للدراسات و الإستراتيجية و السياسية و الإقتصادية، العدد الرابع، برلين/ألمانيا، آب ٢٠١٨.
٣٨. مجلة الفكر السياسي، إتحاد كتاب العرب، العدد الثامن، دمشق، شتاء ٢٠٠٠.
٣٩. مجلة المحجة، معهد المعارف الحكمية للدراسات الدينية و الفلسفية، العدد السابع و العشرون، لبنان، ٢٠١٣.
٤٠. مجلة أوراق فلسفية، رئيس التحرير: أحمد عبدالحليم عطية، جامعة القاهرة، العدد ١٠، مصر، ٢٠٠٤.
٤١. مجلة أوراق فلسفية، مركز النيل للكمبيوتر، العدد ٧، مصر، ديسمبر٢٠٠٢.
٤٢. مجلة دراسات إنسانية و إجتماعية، جامعة وهران، العدد ٤، الجزائر، ٢٠١٤.

٤٣. مجلة لوغوس، دار كنوز، العدد الأول، الجزائر، ٢٠١٢.
٤٤. مجلة يتفكرون، مؤسسة مؤمنون بلا حدود للدراسات و الأبحاث، العدد الثاني عشر، المملكة المغربية، ٢٠١٨.

**د. نامەی ماستەر بە زمانی عەرەبی:**

٤٥. أودينة سليم، فلسفة التداوليات الصورية و أخلاقيات النقاش عند يورغن هابرماس، رسالة ماجستر غير منشورة مقدمة إلى كلية العلوم الإنسانية و العلوم الإجتماعية/قسم الفلسفة/جامعة منتوري، الجزائر، ٢٠٠٨-٢٠٠٩.

**هـ. سەرچاوە ئەلکترۆنییە عەرەبییەکان:**

٤٦. رشيد العلوي، الفضاء العمومي من هابرماس إلى نانسي- فريزر، مؤسسة مؤمنون بلا حدود للدراسات و الأبحاث، المملكة المغربية، نوفمبر ٢٠١٤، متاح على الرابط الآتي:
https://www.mominoun.com/pdf1/2014-11/545e02a2d35592087784350.pdf

**سێیەم/ سەرچاوە ئینگلیزییەکان:**

47. Alan McKee, The Public Sphere: An Introduction, Cambridge University Press, UK, 2005.
48. Jurgen Habermas, On The Pragmatics of Communication, Translated by: Meave Cooke, The MIT Press, USA, 1998.
49. - - - - - - - -, Between Facts and Norms: Contributions to a Discourse Theory of Law and Democracy, Translated by; William Rehg, The MIT Press, USA, Second Edition, 1996.
50. - - - - - - - - - -, The Structural Transformation of the Public Sphere; An Inquiry into a Category of Bourgeois Society, Translated by; Thomas Burger, The MIT Press, USA, 1991.
51. - - - - - - - - -, Ligitimation Crisis, Translated by; Thomas McCarthy, Heinemann Educational Books Ltd, London, 1976.
52. Luke Goode, Jurgen Habermas... Democracy and the Public Sphere, Pluto Press, London, 2005.
53. Oskar Negt and Alexander Kluge, "Public Sphere and Experience toward an analysis of the bourgeois and proletarian Public Sphere", Translated by: Peter Labanyi, Jamie Owen Daniel and Assenka Oksiloff, University of Minnesota Press, Volume 85, UK, 1993.
54. Richard Butsch, Media and Public Sphere, Palgrave Macmillan Press, New York, 2007.